# ستراتیجی بریتانیا لە ئێران لە نێوان دیپلۆماسییەتی سیاسی و هەڕەشەی سەربازیدا (ئەیلولی 1939-کانوونی یەکەمی 1940)

**هاوار کمال میرزا عبدالله، محمد مؤمن حمەعارف**

بەشی مێژوو، کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان، زانکۆی هەڵەبجە، هەڵەبجە، هەرێمی کوردستان-عێراق.

**پوختە-** ئێران پردی پەیوەندی نێوان ناوەندەکانی نفوزی دەسەڵاتی بریتانیابوو، ئەمە وایکرد ئەو وڵاتە ببێتە تەوەری ناوەندی بڕیار و هەواڵگریی بریتانیا و بەسترایەوە بە بەرژەوەندییە زیندووەکانی بریتانیاوە. ئەم بایەخە دوای ١٩١٩ زیاتر بوو، لەگەڵ دەرکەوتنی ململانێیی زلهێزەکان، ئێران مەرجی باڵادەستی و پارێزگاریی بوو لە نەوتی کەنداو و شاڕێگەی گەیشتن بە هیندستان، ئیدی ستراتیجی بریتانیا بۆ ئێران، پاراستنی بوو لە چوارچێوەی وڵاتانی هاوپەیمان و دوورخستنەوەی لە بەرەی محیوەر، سیاسەتی بریتانیا لەم توێژینەوەیەدا لە یەکەم ساڵی جەنگ خراوەتەڕوو. پرسیاری سەرەکی توێژینەوە بریتییە لە: بریتانیا چۆن ستراتیج و هێڵە گشتییەکانی سیاسەتی خۆی بۆ بەرگریی لە بوونی خۆی و بەرژەوەندییە زیندووەکانی لە ئێران داڕشت؟ لەم توێژینەوەیەدا میتۆدێکی وسفی-شیکاریی بۆ دیدگای بریتانیا و ناوەندەکانی بڕیاری سیاسی و سەربازیی بۆ ئێران، بە پشت بەستن بە بەڵگەنامە و سەرچاوەی ڕەسەن بە زمانەکانی فارسی و ئینگلیزی و عەرەبی، خراوەتەڕوو. ئەم توێژینەوەیە لە سێ تەوەردا پێکهاتووە، تەوەری یەکەم بە ناونیشانی "پوختەیەك لە سیاسەتی بەریتانیا لە ئێران هەتا 1939". تەوەری دووەم لە ژێر ناوی "سیاسەتی بریتانیا بەرانبەر بە ئێران لە نێوان مەترسیی یەکێتی سۆڤییێت و دەرکەوتنی هەڕەشەی ئەڵمانیا لە ئێران لە سەرەتای جەنگ بۆ ئایاری 1940". هەرچی تەوەری کۆتاییە"گۆڕانی ستراتیجی سیاسی-دیپلۆماسی بریتانیا لە ئێراندا ئایاری 1940- کانوونی یەکەمی 1940". لە کۆتاییشدا بە چەند دەرئەنجامێك گەیشتووین، کە بە پوختی خراوەتەڕوو.

**کلیلە ووشەکان-** بریتانیا، ئێران، جەنگی دووەمی جیهانی، زلهێزەکان، ستراتیجی بریتانیا لە ئێران.

## پێشەکی:

گرنگیی ئێران و بوونی بە پردی پەیوەندی نێوان ناوەندەکانی نفوزی بریتانیا، وایکرد ئەو وڵاتە ببێتە تەوەری زۆرینەی کۆبوونەوە و ڕاپۆرتە گرنگەکانی ناوەندەکانی بڕیاردان و هەواڵگریی بریتانیا. هەر لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەم یەکێك بووە لەو وڵاتانەی بەستراوەتەوە بە بەرژەوەندییە زیندووەکانی بریتانیاوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەم بایەخپێدانە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی زیاتر بوو، لەگەڵ دەرکەوتنی پێکدادانی زلهێزەکان و بەرژەوەندییەکانیان و دەرکەوتنی سەرەداوەکانی جەنگی دووەمی جیهانی، ئێران مەرجی باڵادەستی و پارێزگاریی بوو لە نەوتی کەنداو و شاڕێگەی گەیشتن بە هیندستان و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، لەم ڕووەوە، ستراتیجی بریتانیا بۆ ئێران هێشتنەوەی بوو لە چوارچێوەی وڵاتانی هاوپەیمان و دوورخستنەوەی مەترسی ئەڵمانەکان، هەربۆیە لەم توێژینەوەیەدا، سیاسەتی بریتانیا لە یەکەم ساڵی جەنگ خراوەتەڕوو، کە تێیدا، پلانی ستراتیجی سیاسی و دیپلۆماسی و سەربازیی، وەك ئامادەکارییەکی گریمانەیی بە ووردیی خرایەکار.

هۆکاری ئەم توێژینەوەیە، ئاشکراکردنی بایەخ و گرنگیی سیاسی و ئابووری و جیۆستراتیجی ئێرانە لە پلانە سیاسی و سەربازییەکانی بریتانیادا. ئامانجیش لێی خستنەڕووی هەستیاریی خەڵك و خاك و نەوت و دیمۆگرافیای ئێرانە لە دید و تێڕوانینی سیاسی و بڕیاربەدەستانی بریتانیا و ڕۆڵی ئێران لە هەر دەستڕۆیشتوویەکی ئایندەیی زلهێزەکاندا لەو قۆناغەدا. لەم توێژینەوەیەدا میتۆدێکی وسفی-شیکاریی بۆ دیدگای بریتانیا و ناوەندەکانی بڕیاری سیاسی و سەربازیی بۆ ئێران، بە پشت بەستن بە بەڵگەنامە و سەرچاوەی ڕەسەن بە زمانەکانی فارسی و ئینگلیزی و عەرەبی، خراوەتەڕوو.

پرسیاری توێژینەوە بریتییە لە: بریتانیا چۆن ستراتیج و هێڵە گشتییەکانی سیاسەتی خۆی بۆ بەرگریی لە بوونی خۆی و بەرژەوەندییە زیندووەکانی لە ئێران داڕشت؟ دەرخستنی ڕۆڵ و پێگەی ئێران لەسەر بوونی بریتانیا لە ناوچەکە و پارێزگاریی لە بەرژەوەندییەکانی؟ ڕۆڵی ململانێیی ناوەندە جیاوازەکانی بڕیار بەدەستی بریتانیا چی بوو لە داڕشتنی ستراتیجی بریتانیا لە ئێران و کاریگەرییەکانی ئەو ململانێیە چی بوون ؟

پەیکەری ئەم توێژینەوەیە خۆی لە سێ تەوەردا دەبینێتەوە، تەوەری یەکەم بە ناونیشانی "پوختەیەك لە سیاسەتی بەریتانیا لە ئێران هەتا 1939"، تێیدا هەوڵدراوە سیاسەتی بریتانیا بۆ پارێزگاریی لە نفوزی لە ئێران و فراوانکردنی باڵادەستیی هەتا سەرەتای جەنگی دووەمی جیهانی شرۆڤەکراوە. تەوەری دووەم لە ژێر ناوی "سیاسەتی بریتانیا بەرانبەر بە ئێران لە نێوان مەترسیی یەکێتی سۆڤییێت و دەرکەوتنی هەڕەشەی ئەڵمانیا لە ئێران لە سەرەتای جەنگ بۆ ئایاری 1940"، لەم باسەشدا سیاسەت و پلانی بریتانیا

مجلة جامعة التنمية البشرية

المجلد 11، العدد 4(2025) ؛ عدد الصفحات (14)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v11n4y2025.pp94-107

ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 15 ايار 2025؛ قُبل في 29 حزيران 2025؛ نُشرت في 12 تشرين الأول 2025؛

البريد الإلكتروني للمؤلف: mohammad.hama-arf@uoh.edu.iq, hawar.mirza@univsul.edu.iq

حقوق الطبع والنشر ©2025 هاوار كمال ميرزا عبدالله، محمد مؤمن حمەعارف. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

بەمەبەستی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی بریتانیا و ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەی ئەڵمانیا و یەکێتی سۆڤییەت خراوەتەڕوو ، هەرچی تەوەری کۆتاییە بۆ "گۆڕانی ستراتیجی سیاسی- دیپلۆماسی بریتانیا لە ئێراندا ئایاری 1940- کانوونی یەکەمی 1940" تەرخانکراوە، و تێیدا ڕێوشوێنەکانی بریتانیا لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان لە ئێران و هیندستان و کەنداو، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بە گشتی باسکراوە.. لە کۆتاییشدا بە چەند دەرئەنجامێك گەیشتووین، کە بە پوختی خستوومانەتە ڕوو.

## تەوەری یەکەم
## پوختەیەك لە سیاسەتی بەریتانیا لە ئێران هەتا 1939

دوای جێگیربوونی بەرژەوەندییەکانی بریتانیا لە ناوچەکە و هیندستان بەتایبەتی، دەرکەوتنی زلهێزی نوێی وەك ئەڵمانیا، پێگەی ئێران لە پلانی ستراتیجی بڕیاربەدەستانی بریتانیادا زیاتر بوو، چونکە لەڕاستیدا ئێران هەر لە سەدەی (19)وە بەشێوەیەکی بەرچاو سەرنجی سیاسییەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیای بۆ خۆی ڕاکێشا( Abdul Razak, 2021: 30)، بە هۆی فرەیی ناوەندەکانی بڕیاردان لە بریتانیا، سیاسەتی ئەو وڵاتەی لە ئێراندا ئاڵۆز کردبوو(Abdul Razak, 2021: 35). لە لایەکی دیکەوە، شۆڕشی پیشەسازی ململانێی ڕووسیا و بریتانیای لە سەدەی (19) لە ئێران زیاتر کرد(Saidabadi, 1998: 20). لەپاڵ ئەوەشدا بەرژەوەندییە ستراتیجییەکانی بریتانیا لە کەنداو پەیوەست بوو بە هاوسنوریی لەگەڵ هیندستان و پێگەکەی( Bin-Abood, 1992: 2)، ئەمە جگە لەوەی بەندەرەکانی ئێران بۆ بریتانیا زۆر گرنگ بوون، بۆ پارێزگاریی و گەرێنتیکردنی بەرژەوەندییەکانی لە کەنداو و هیندستان( Forouzan, 2018: 613).

لە لایەکی دیکەوە، دۆزینەوەی یەدەگی زۆری نەوت لە سەرەتای سەدەی (٢٠)، ستراتیجی بریتانیای لە ئێران خستە قۆناغێکی نوێ و هەستیارەوە، لەمڕووەوە بریتانیا لە بەدەستهێنانی یەکەم جیاوگی نەوت لە ئێران سەرکەوتووبوو، کە لە ساڵی 1901 بە ولیام نۆکس دارسی(William Knox D'Arcy) بریتانی درا، ئەمە بۆخۆی وەرچەرخانێکی گەورە بوو لە سیاسەتی بریتانی لە ئێران (Bin-Abood, 1992: 10). ئەمە لەکاتێکدابوو، لە سەرەتای سەدەی (٢٠)، لاوازبوونی سیستمی سیاسی بنەماڵەی قاجار و بڵاوبوونەوەی گەندەڵی و خراپی بارودۆخی ئابووریی، ناڕەزایی لە نێو دەستەبژێری ئێران دژی دەسەڵات هێنایەکایەوە، کە بە "شۆڕشی مەشروتە" ناسراوە لە نێوان ساڵانی (1905-1911) (Saidabadi, 1998: 22). لە سەرەتادا بریتانیا پاڵپشتی مەشروتەخوازانی کرد(Zirinsky, 1992: 644). تەنانەت دەرگای باڵیۆزخانەکەی بۆ بەستنشینی مەشروتەخوازان والاکرد (بولارد، 1956: 69-70). هاوکات بەهۆی دەرکەوتنی مەترسیی ئەڵمانیا، بریتانیا ناچاربوو لەگەڵ ڕوسیا هاوپەیمانی بەستێت لە ئێراندا (Zirinsky, 1992: 644). ئەمە جگە لەوەی بۆ هەریەک لە بڕیاربەدەستانی لەندەن و مۆسکۆ دەرکەوت، شۆڕشی مەشروتە، مەترسی جدییە لەسەر بەرژەوەندییەکانیان بەتایبەت لە ساڵی 1906 بە دواوە ( Behravesh, 2012: 389)، چونکە بە نزیکبوونەوەی ئەڵمانیا لە کەنداو، مەترسییەکانی زیاتر ببوو (ئەحمەد و مراد، 2011: 102-103)، هەربۆیە بریتانیا و ڕووسیا لە نێوان بژاردەی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ یاخود دابەشکردنی نفوزیان لە ئێران، بژاردەی دابەشکردنی نفوزیان هەڵبژارد(Saidabadi, 1998: 23-24). بەمجۆرە پەیماننامەی 31 ئابی 1907 - ئەم پەیماننامە لە ناوەڕۆکدا تایبەت بوو بە هەریەك لە ئێران، ئەفغانستان و تبت، بڕوانە: (Brant and Maycock, 1911: 555-559)- لە نێوان ڕووسیا و بریتانیا هاتەکایەوەو تێیدا ئێران بۆ سێ ناوچەی نفوز دابەشکرا، بریتانیا لە باشوور و ڕووسیا لە باکوور و هەردوو زلهێز پابەند بوون بەوەی، هیچ لایەکیان هەوڵی جیاوگی ئابووریی و سیاسی لە ناوچەی ئەوی دیکە نەدات و پابەندبن بە ڕێزگرتن لەو جیاوگانەی لەو ناوچانەدان، بەڵام ناوچەی ناوەند لەدەرەوەی ئەو دابەشکاریی نفوزە بوو، وەك ناوچەیەکی بێلایەن مایەوە(Churchill, 1939: 265-266).

لە 16 ئەیلول 1907 باڵیۆزخانەکانی بریتانیا و ڕوسیا، حکومەتی ئێرانیان لەو پەیماننامە ئاگادارکردەوە، ئەمەش ناڕەزایی لێکەوتەوە، هەر زوو لە 24ی ئەیلول دا بە کۆی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان، پەیماننامەکەیان ڕەتکردەوە(محمدوی، 1355: 306). ئیدی لێرە بەدواوە، ستراتیجی هاوبەشی ڕوسیا و بریتانیا، تێکدانی هەوڵی مەشروتەخوازان و دژایەتیکردنیان بوو (Saidabadi, 1998: 24)، بەمجۆرە پێگەی بریتانیا لە باشووری ئێران تۆکمەتر بوو، بە تایبەت لە ڕووی ئابوورییەوە ( Roberts, 2019-20: 2). ئەمەش دوای ئەوەی لە ئایاری 1908دا، بڕێکی زۆر یەدەگی نەوت لەلایەن کۆمپانیای دارسی دۆزرایەوە (Hann, 2013: 13)، ئیدی سەرنجی بریتانیا لەسەر نەوت و دامەزراندنی کۆمپانیای نەوتی بوو لە باشووری ئێران، لە ژێر کۆنترۆڵی خۆیدا(Roberts, 2019-20: 5). بە تایبەت سەرچاوەی وزەی هێزی دەریایی لە وزەی خەڵوزەوە بۆ نەوت گۆڕا، هەربۆیە نەوت بۆ بریتانیا گرنگیی زۆر گەورە و بێ جێگرەوەی هەبوو(Hann, 2013: 13). لەمڕووەوە لە 14ی نیسانی 1909 کۆمپانیای نەوتی بریتانی–فارسی (Anglo-Persian Oil Company) لە ئێران دامەزرا(الزاوي، 2010: 41). هەروەها دروستکردنی پاڵاوگەی نەوتی ئابادان کە لە ساڵی 1912 تەواو بوو(Griffiths, 2017: 126). لەبەر ڕۆشنایی ئەم سیاسەتەدا، حکومەتی بریتانیا بە هێزی سەربازیی ناوچەکانی باشووری بە شێوەیەکی کرداریی خستەژێر هەژموونی خۆیەوە(محمدوی، 1355: 326). جیا لەمانە، یەکێك لە ئامرازەکانی دیکەی هەژموونخوازیی بریتانیا و ڕوسیا لە ئێران، پێدانی قەرز بوو پێی و کۆنترۆلکردنی لەو ڕێگەیەوە، بە تایبەتی بریتانیا بە ڕێکەوتنی 20 ئایاری 1914 و دەستکەوتنی پشکی (52.5%) کۆمپانیای نەوتی بریتانی-فارسی(البديري، 2015: 79)، بووەهۆی ئەوەی کە بەرژەوەندییە سەربازیی و ئابوورییەکان ببن بە فاکتەری سەرەکی وەرچەرخانی بەرژەوەندییە ستراتیجییەکانی بریتانیا لە ئێران و کەنداو(Bin-Abood, 1992: 10). کۆنترۆڵی بریتانیا بەسەر کۆمپانیای نەوتی بریتانی- فارسی، بەهێزبوونی دەسەڵاتی هۆز و خێڵەکان و لاوازبوونی زیاتری دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندیی لێکەوتەوە(Saidabadi, 1998: 24). لە لایەکی دیکەوە،حکومەتی بریتانیا بە پشتیوانیکردنی هەندێك لە خێڵە ناوخۆییەکان، دەسەڵاتێکی سێبەری لەپاڵ دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی دروستکردبوو، بەنموونە بەختیارییەکان، شێخ خەزعەل(سلیمانی و وحیدی راد، بهار 1389: 76)، وەك تاکتیکێك بۆ بەکارهێنانی خێڵەکان لە پێناو بەهێزکردن و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی بریتانیا. بەمجۆرە بەر لە جەنگی یەکەمی جیهانی لاوازیی حکومەت و پشێوی خێڵە کۆچەرەکان و باڵادەستیی بریتانییەکان لە باشوور و ڕوسەکان لە باکوور ، ڕەوشی ناوخۆیی ئێرانی خراپ کردبوو(الساداتی، 1939: 29). هەڵگیرسانی جەنگ لە ئابی 1914 دا، بە هۆی پێگەی ستراتیجی و نزیکی لە سنوری لایەنە بەشەڕهاتووەکان، دۆخەکەی ئێرانی خراپتر کرد(صابر، 2013: 61)، بەتایبەت لەو کاتەدا بۆ بریتانیا گرنگی پێگەی ئێران پەیوەست بوو بە پاراستنی ڕێگەی هیندستان و نەوتی تازە دۆزراوەی ئێران بۆ وڵاتەکەی(Behravesh, 2012: 389-390).

بە تێڕوانینی بریتانییەکان، خەڵکی ئێران بە گشتیی هاوسۆزی بەرەی میحوەر بوون، لەبەرئەمە بوو کە ستراتیجی بریتانیا بە ئاڕاستەی کۆنترۆڵکردنی کرداریی کێڵگە نەوتییەکانی

باشووری ڕۆژئاوای ئێران بوو(Saidabadi, 1998: 25-26). لەم ڕووەوە لە تشرینی یەکەمی 1914 بریتانیا هێزی سەربازیی و کەشتییەکی جەنگی ڕەوانەی کەنداو کرد(Bin-Abood, 1992: 12)، بەکرداریش لە تشرینی دووەم هێزەکانی بریتانیا هەڵمەتی سەربازییان لە کەنداو ئەنجامدا و ئەهوازیان داگیرکرد و دامەزراوە نەوتییەکان و "پاڵاوگەی ئابادان"یان کۆنترۆڵکرد(رامکی و اربابی، زمستان 1397: 43). ئەمە جگە لەوەی بریتانییەکان هەوڵی نزیکبوونەوە و بەدەستهێنانی پشتیوانی خێڵەکانی ئێرانیدا و پارە و بەرتیل و چەکیان بە سەرۆك خێڵەکان دەدا(صابر، 2013: 62)، ئەم ستراتیجەی بریتانیا کاری پێ دەکرد بۆ پاراستنی کێڵگە نەوتییەکان و دامەزراوە و بۆرییە نەوتییەکان، بەهۆی لاوازیی حکومەتی ئێران بوو لە پاراستنیان(Saidabadi, 1998: 26). لەو کاتەدا، ترس لە چالاکیی هەواڵگریی ئەڵمانیا لە ئێران، حکومەتی هیندستانی ناچارکرد مۆڵگەی سەربازیی لەسەر سنورەکانی ئێران جێگیربکات، کە بە پەرژینی ڕۆژهەڵاتی ئێران (The East Persian Cordon) ناسرابوون(بولارد، 1956: 100-101). تێبینی کراوە کە سیاسەتی دووبەرەکی و پەرتکردن، ستراتیجێکی دیکەی بریتانی بوو، بۆ کۆنترۆڵکردنی نەیارەکانی لە ناوخۆی ئێران(رامکی و اربابی، زمستان 1397: 43). لەمڕووەوە، حکومەتی هیندستان سێر پێرسی سایکسی (Percy Sykes) (1867-1945) ڕاسپارد بۆ دروستکردنی هێزێك لە خۆبەخشە ئێرانییەکان بە سەرۆکایەتی ئەفسەرانی بریتانیا و ئێران و پاڵپشتی هێزە سەربازییەکانی بریتانیا بۆ پاراستنی ئاسایشی باشووری ئێران(بولارد، 1956: 102)، سایکس لە ئاداری 1916 دا بۆ وەرگرتنی فەرماندەیی ئەو هێزە، کە بە پۆلیسی جنوب (S.P.R.) ناسرا، گەیشتە ئێران، کە ئامانجی سەرەکی ڕێگریی لە چالاکیی نەیاران و دابینکردنی ئاسایشی ڕێگەکان و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی بریتانیا بوو(رامکی و اربابی، زمستان 1397: 45)، هەر لەو ڕێگەیەوە ساڵی دواتر سایکس توانی باشووری ئێران کۆنترۆڵ بکات و زۆرێك لە سیخورەکانی ئەڵمانیا لە ناوچەکە دەستگیربکات، کە دیارترینیان ویلهێلم واسموس (Wilhelm Wassmuss) (1880-1931)بوو (ئەحمەد و مراد، 2011: 122).

بە سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری 1917، ڕوسیا لە باکووری ڕۆژئاوای ئێران کشایەوە(رامکی و اربابی، زمستان 1397: 46)، هەربۆیە هێزەکانی بریتانیا بەرەو باکووری ئێران ڕۆیشتن(الساداتی، 1939: 31)، بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی لە باکووری ڕۆژئاوای ئێران دروستبوو بوو(البديري، 2015: 87). لە ڕاستیدا بەو هەنگاوە، بەرپرسیارێتی بریتانیا لە ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکان بە تایبەتی لە ئێران فراوانتر و قورستر بوو(Zirinsky, 1992: 644)، سەرەڕای ئەوەی کشانەوەی ڕوسیا هاوتەریب بوو لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی بریتانیا(Grobien, 2022: 3). یەکێك لە کێشە سەرەکییەکانی سیاسەتی بریتانیا لە ئێران دەرکەوتنی هەڕەشەی بڵاوبوونەوەی کۆمۆنیزم بوو لە ئێران و ناوچەکە، کە دژی ئیمپریالیزم بوو(Forouzan, 2018: 613-614)، لەمڕووەوە بۆ ڕاکێشانی کەسانی شایستە و لایەنگری سیاسەتی بریتانیا لە ئێران، بەتایبەتی لە ڕێگەی ماددییەوە وەزارەتی دەرەوە ڕاسپێردرا(Alalaq, November 12, 2024). تێبینی کراوە، کە پاش جەنگ دۆسیەی نەوت کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر سیاسەت و ستراتیجی بریتانیا لە ناوچەکە و بەتایبەتی لە ئێران و کەنداو هەبوو (Behravesh, 2012: 391)، ئەمە لەکاتێکدابوو کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس لە کانوونی دووەمی 1919 دەستیپێکرد(ئەحمەد و مراد، 2011: 123)، شاندی بریتانیا بەشداریکردنی ئێرانی لە کۆنگرەکە ڕەتکردەوە(صابر، 2013: 69). لۆرد کیرزن جەختی کردەوە کە وڵاتەکەی هەوڵ دەدات لە ڕێگەی ڕێککەوتنێکی فەرمییەوە هەژموونی خۆی لە ئێران بچەسپێنێت. بەتایبەت لاوازیی حکومەتی ناوەند و ئاڵۆزیی و پشێویی ناوخۆیی، ڕۆڵیان هەبوو لە بڕیاری ئێران بۆ بەستنی ئەم ڕێککەوتننامەیە، لەگەڵ ئەوەشدا (میرزا حەسەن خان 1868-1951) وسوق ئەلدەولەی سەرۆکوەزیران ڕۆڵی خراپی لە بەستنی ڕێکەوتنەکە هەبوو(Saidabadi, 1998: 27-28)، کە لە 9 ئابی 1919 واژۆکرا. – بۆ دەقی ڕێکەوتنامەکە بڕوانە: (Hershey, 1919: 749-754)- جەختی دەکردەوە لە دابینکردنی ڕاوێژکاریی سەربازیی و ئیداریی بۆ حکومەتی ئێران لەلایەن بریتانیاوە، هەروەها چاکسازی لە ڕێگاوبان و هێلی ئاسن، کە خەرجی ئەمانە لەسەر ئێران بێت و قەرزێکی (2 ملیۆن) پاوەندی بە سوودی (7%) بە حکومەتی ئێران بدرێت(Saidabadi, 1998: 28). لە ڕاستیدا ڕێککەوتنەکە جۆرێك لە ئینتدابی پەردەپۆشکراو بوو، لە واقیعدا پابەندبوونێکی زۆری بەسەر ئێراندا سەپاندبوو(الساداتی، 1939: 34). تەنها مەرجی پەسەندکردنی ڕێکەوتنەکە بوو لە پەرلەمان (Behravesh, 2012: 390). بەئاشکرابوونی ڕێکەوتنەکە، لەسەر ئاستی جەماوەریی شەپۆلێکی نارەزایی بەرفراوان دژی حکومەتی ئێران و بریتانیا لە شەقامی ئێران سەریهەڵدا(صابر، 2013: 73)، سەرەڕای هەڕەشە لە ئۆپۆزسیۆن و سانسۆری ڕۆژنامەکان بە پشتیوانی بریتانیا، پەرلەمان شکستی لە پەسەندکردنی ڕێکەوتنەکە هێنا(سەردەشتیی و مەلا تەها، 2009: 74-75). لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش زلهێزەکان دژی ڕێکەوتنەکە بوون، وەك سۆڤییێت و ئەمریکا و فەڕەنسا، کە ڕێکەوتنەکەیان بە هەوڵی سەپاندنی هەژموون و فراوانکردنی نفوزی بریتانیا لە ناوچەکە لە قەڵەمیان دەدا(الساداتی، 1939: 35). لە حوزەیرانی 1920دا. (حەسەن پیرنیا 1871-1935) موشیر ئەلدەولە بووە سەرۆك وەزیرانی ئێران و کاری یەکەمی ڕاگرتنی جێبەجێکردنی ڕێکەوتنەکە بوو، هەتا پەسەندکردنی لە پەرلەمان(ئەحمەد و مراد، 2011: 127). ئەمە لە کاتێکدا بوو ئاڵنگاریی جیددیی بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی بریتانیا لە ئێران هاتبووەکایەوە، کە سەرهەڵدانی بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکان بوو لە ئێران، کە دژە ئیمپریالیزم و ئیلهامیان لە کۆمۆنیزم وەرگرتبوو(Khandagh, 1984: 43). بە نموونە، ڕاپەڕینی شێخ محمد خیابانی (1880-1920) لە ئازەربایجان(Khandagh, 1984: 32)، لە 5ی حوزەیرانی 1920 میرزا کوچك خان (1880-1921) کۆماری گیلانی سۆسیالیستی بە پاڵپشتی سۆڤییێت ڕاگەیاند(ئەحمەد و مراد، 2011: 127). لەو کاتەدا کە بەرژەوەندییەکانی بریتانیا لە مەترسیدا بوو لە ئێران، ستراتیجی بریتانیا لە باشووری ئێران خۆی دەبینییەوە لەوەی ڕێگە بە هیچ هێزێکی بیانی نەدا کێبڕکێی بەرژەوەندییەکانی لە باشوور لەگەڵدا بکات(Griffiths, 2017: 131). ئەمە لە کاتێکدا بوو باڵیۆزی بریتانیا لە سەرەتای ساڵی 1921 حکومەتی وڵاتەکەی ئاگادارکردبووەوە لە ماوەی نۆ مانگدا شەش کابینەی وەزاری پێکهاتوون، کە هیچیان نەیانتوانیوە پەسەندەی پەرلەمان بۆ ڕێککەوتنەکە بەدەستبهێنن، ئاماژەی بەوەدابوو، بریتانیا پێویستی بە کەسێکی بەتوانا هەیە بۆ هێورکردنەوەی ڕەوشەکە و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی-بەتایبەت نەوت- لە ئێران(سەردەشتیی و مەلا تەها، 2009: 79)، هەربۆیە بەرژەوەندییە نەوتییەکانی بریتانی لە ئێران وایکرد، بە خێرایی بیر لە گۆڕینی هەڵوێستی خۆی لە ئێران بکاتەوە(نجاتي، 2008: 38). لەمڕووەوە، سیاسەتی بریتانیا بە خێرایی گۆڕا بە پێچەوانەی پێشترەوە بۆ حکومەتێکی ناوەندیی و بەهێز لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییە ستراتیجییەکانی لە ئێران(نجاتي، 2008: 57)، بەکرداریش هەماهەنگی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ ڕەزاخان (1878-1944) فەرماندەی لیوای قۆزاقی ئێران(صابر، 2013: 102) و سەید زیائەدین تەباتەبائی کەسایەتی ناسیۆنالیستی میانڕەوی لایەنگریی بریتانیا هەبوو، ئەم دوو کەسایەتییە لە قەزوین پلانی کودەتایان دارشت، لە 18 شوباتی 1921 هێزی قۆزاق بە ڕێبەرایەتی ڕەزاخان لە قەزوینەوە بۆ تاران پێشڕەویان کرد و لە 21 شوبات بەبێ خوێن ڕشتن دەستی بەسەر دەسەڵاتدا گرت(Muhl, 1985, 32). زۆربەی خەڵکی ئێران ئەمەیان بە پلانێکی ڕێکخراوی

بریتانیا دەزانی(Saidabadi, 1998: 30). لە ڕاستیدا بەرپرسانی سەربازیی و دیپلۆماسی بریتانیا لە ئێران ڕۆڵی سەرەکییان لە ئامادەکاریی و سەرکەوتنی کودەتاکە هەبوو.لە هەمان کاتدا، هێرمان نۆرمان (Herman Norman) (1872-1955) باڵیۆزی بریتانیا لە تاران داوای لە حکومەتی وڵاتەکەی کردبوو، پشتگیری دەسەڵاتی نوێی ئێران بکات، بەو پێیەی باشترین خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی بریتانیا لە ئێراندا دەکات (Forouzan, 2018: 611). هەروەك حکومەتی دوای کودەتا سەید زیائەدین تەباتەبائی پێکیهێنا و ڕەزاخان بووە فەرماندەی سوپا(ئەحمەد و مراد، 2011: 129-130). تەباتەبایی لە 3 نیسانی 1921دا  بە یاداشتێکی فەرمی ڕێکەوتنی 1919 بەریتانی ئێرانی هەڵوەشاندەوە و ئەمەی بە نوێنەرایەتی بریتانیا ڕاگەیاند(البديري، 2015: 94). بریتانیا ڕەزامەندی لەسەر هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتننامەکە دا(نجاتي، 2008: 57). لە 16 نیسانیش تەباتەبائی کشانەوەی هێزەکانی بریتانیای لە ئێران ڕاگەیاند و لە ماوەی مانگێکدا تەواوی خاکی ئێرانیان جێهێشت(البديري، 2015: 94-95).

زۆری نەبرد ناکۆکی و ململانێی ڕەزاخان و تەباتەبائی تەقییەوە، دواجار ئەحمەد شای قاجار لە 24 ئایاری 1921 تەباتەبائی دوورخستەوە، قەوام سەڵتەنە جێگەی گرتەوە(البديري، 2015: 96). ئەمە لاوازیی نفوزی بریتانیای لێکەوتەوە، ئەو نەیارە سیاسییانەی تەباتەبائی ئازادی کردن بەرەیەکیان دژی بریتانیا دروستکردبوو، هەتا ڕادەی دەرکردنی ڕاوێژکار و نوێنەرانی بریتانیا لە ئێران هەنگاویان نا(صابر، 2013: 116-117). ئەم ڕەخنە و دژایەتییانە لۆرد کیرزنی ناچارکرد سێر پێرسی لۆرین وەك باڵیۆزی نوێ بۆ تاران بنێرێت و داوای قەرزەکانی لە ئێران بکاتەوە و خێڵەکان بەرانبەر حکومەتی ناوەندیی بەهێز بکات بە تایبەتی بەختیارییەکان(سەردەشتیی و مەلا تەها، 2009: 92-93). لە لایەکی دیکەوە ڕەزاخان هێزی سەربازیی ڕێکخستەوە و کاری بۆ گێڕانەوەی دەسەڵاتی حکومەت بۆ سەرجەم ناوچەکان کرد(ئەحمەد و مراد، 2011: 130)، بە تایبەتی پێداگریی لەسەر سەرکوتکردنی جوڵانەوە شۆڕشگێڕییەکانی وەك ئازەربایجان و گیلان کرد(Khandagh, 1984: 47). ئەم هەوڵانە ئاکامەکەی لە 29 تشرینی یەکەمی 1923 ڕەزاخانی کردە سەرۆك وەزیرانی ئێران، ناوبراو دەستیکرد بە سەرکوتکردنی ئۆپۆزسیۆن و سەرۆك خێڵی ناوچەییەکان و دەرەبەگەکان، ئەم کارەی بووە جێگە سەرنجی بریتانییەکان(سەردەشتیی و مەلا تەها، 2009: 100-101). هەر لە سەرەتاوە ناکۆکیی ڕەزاخان و بریتانیا پشتیوانی بریتانیا بوو بۆ شێخ خەزعەل لە موحەممەرە(Griffiths, 2017: 119)، لە بەرانبەر پابەندبوونی خۆی و جێنشینەکانی بە سیاسەتی بریتانیاوە(بولارد، 1956: 164)، هەربۆیە لە هاوین و پایزی 1923 ئەمە بووە ئاڵنگاریی بۆ بریتانیا لە نێوان پشتیوانی سیاسەتی ڕەزاخان یاخود پشتیوانی لە بەڵێنەکانی شێخ خەزعەل، کە سەرەتا لەندەن بژاردەی دووەمی پشتیوانی لێکرد(Griffiths, 2017: 133)، بەڵام پێرسی لۆرین (Percy Loraine) (1880-1961) باڵیۆزی بریتانیا هۆشداریدا بوو بە وڵاتەکەی، ڕەزاخان لە کەمتر لە (18) مانگ دەسەڵاتی ناوەندیی بەهێز دەسەپێنێت و ئەوەش بۆ بریتانیا باشترە تاکو مامەڵە لەگەڵ سەرۆك خێڵ و شێخەکان(صابر، 2013: 159). لۆرین جەختیکردبۆوە پێویستە لەندەن ڕێز لە سیاسەتی ناوەندگەرایی ڕەزاخان بگرێت و ئەرێنیانە لێی بڕوانرێت (Griffiths, 2017: 137). ئیدی بریتانیا پشتیوانی خۆی بۆ شێخ خەزعەل کشاندەوە(Khandagh, 1984: 42)، بڕیاری بریتانیا بۆ خۆبەدوورگرتن لە ناکۆکییە ناوخۆییەکان، بە ئامانجی پاراستنی بەرژەوەندییە سیاسی- سەربازیی- ئابوورییەکانی خۆی بوو لە ئێران(Griffiths, 2017: 141). دوای چەسپاندنی دەسەڵات، ڕەزاخان لە لایەن بریتانیاوە لە تشرینی دووەمی 1925 بە فەرمی دان بە دەسەڵاتەکەیدا نرا، بەو مەرجەی پابەندی ڕێککەوتن و پەیماننامەکانی نێوان هەردوو وڵات بێت(البديري، 2015: 101)، لەو کاتەدا بریتانیا لەگەڵ ئێرانێکی بەهێزدا بوو، وەك بەربەستێك لە نێوان هیندستان و یەکێتی سۆڤییەتدا، بەمەش کۆنترۆڵی خۆیان بەسەر کێڵگە نەوتییەکان مسۆگەرتر دەکرد(Muhl, 1985, 33). تێبینی کراوە کە ڕەزاشا سیاسەتێکی تەقلیدی بەکارهێنا، واتە لە ڕێگەی پاراستنی هاوسەنگی لە نێوان بریتانیا و یەکێتی سۆڤییەتدا، توانی هەڕەشەی ئەو دوو زلهێزە لەسەر یەکپارچەیی خاکی ئێران نەهێڵێت(Muhl, 1985, 43)، پاشان لە ڕێگەی ئەمریکاوە هەوڵی کەمکردنەوەی هەژموون و نفوزی دان(Muhl, 1985, 39).

لە ساڵی 1927 بە دواوە ناکۆکیی بریتانیا و ئێران لەسەر سێ بابەتی سەرەکی بوو، یەکەم بانگەشەی ئێران بۆ دەست بەسەرداگرتنی بەحرەین کە لە ژێر دەستی بریتانیادا بوو لەو کاتەدا، کە ڕیشەی هەبوو، بەڵام لە ساڵی 1927 ڕەزاشا ئەو بابەتەی وروژاند. جیا لەوەی ئێران بانگەشەی خاوەندارێتی دوورگەکانی (طنب کبرا) و (طنب صغرا) و (ئەبو موسا) کرد، کە لە ژێر پاراستنی بریتانیادا بوون(سەردەشتیی و مەلا تەها، 2009: 150-151)، بەڵام باڵادەستیی دەریایی بریتانیا و پەیوەندی لەگەڵ شێخنشینەکانی کەنداو ڕێگەی لە خواستە فراوانەکانی ڕەزاشا لە کەنداو گرت(Mueller, 2019, 271). ناکۆکی دووەم ئەوە بوو ئێران لە ساڵی 1927 ڕایگەیاند کە بە نیازە جیاوگە بیانییەکان هەڵبوەشێنێتەوە لە ماوەیەکی دیاریکراودا کە لە 10 ئابی 1928 تێپەڕنەکات، بریتانیا دژایەتی خۆی بۆ ئەم ڕێوشوێنە ڕاگەیاند. سەرئەنجام ئەم پرسە بە واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی بریتانیا و ئێران لە 10 ئایاری 1928 چارەسەرکرا، کە تێیدا دەستەبەری دیاریکراو درا بەو بریتانییانەی کەلە ئێران نیشتەجێ بوون، وەك قەرەبووی جیاوگە کۆنەکان(ئەحمەد و مراد، 2011: 177-178).

سێیەم ناکۆکی جیاوگی کۆمپانیای نەوتی بریتانی- فارسی (Anglo-Persian Oil Company) بوو، کە لە دیدی ئێرانەوە زێدەڕەوی و هەژموونی بیانی بوو لەسەر مافەکانی سەبارەت بە سەرچاوە نەوتییەکانی(سەردەشتیی و مەلا تەها، 2009: 152)، کاتێك وتووێژەکانی ئێران و کۆمپانیاکە ئاکامێکی ئەوتۆی نەبوو، لە 27 تشرینی دووەمی 1932 حکومەتی ئێران جیاوگەکەی هەڵوەشاندەوە، بریتانیا ئەمەی ڕەتکردەوە، چەند کەشتییەکی جەنگی ڕەوانەی ئاوەکانی کەنداو کرد(ئەحمەد و مراد، 2011: 178). وەك هەڕەشەیەك بەرانبەر بە ئێران، ئەو هەنگاوەی ئێرانی بە پێشێلکردنی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان لە قەڵەمدا و داوای کرد بوو دەستبەجێ هەڵوەشاندنەوەکە ڕابگیرێت، ئەگەرنا هەموو ڕێوشوێنێکی یاسایی دەگرێتەبەر، ئێران لە 3ی کانوونی یەکەم ئەمەی ڕەتکردەوە و جەختی کردەوە تەنیا کۆمپانیاکە بەرپرسیارە لە زیانەکانی هەڵوەشاندنەوەی ئەو جیاوگە(الزاوي، 2010: 97-98). بریتانیا لە 14ی کانوونی یەکەمی 1932 لە کۆمەڵەی گەلان سکاڵای دژی ئێران تۆمارکرد (البديري، 2015: 128)، کە وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا دژی ئەم هەنگاوە بوو. لە هەمان کاتدا، گفتوگۆ و دانوستان لە نێوان کۆمپانیا و ڕەزاشا بەردەوام بوو(سلیمانی و وحیدی راد، بهار 1389: 94-95)، لە 4-20ی نیسان 1933 کە سەرئەنجام ڕێکەوتنێکی نوێ ئەنجامدرا(البديري، 2015: 128)، لە 29ی نیسان واژۆکرا، تێیدا داهاتی ئێران لە پوختەی قازانجی کۆمپانیاکە لە (16% بۆ 20%) زیادکرا و نوێنەری ئێران لە کۆمپانیاکە دامەزرا بۆ چاودێریی کاروباری ژمێریاری و کۆمپانیاکە بەڵێنیدا مەشق و ڕاهێنان بە ژمارەیەك خوێندکار لە دامەزراوە نەوتیەکانی دەرەوەی وڵات بکات(سەردەشتیی و مەلا تەها، 2009: 153). بەئامانجی بەرزکردنەوەی ئاستی شارەزایی ناوخۆیی لە کەرتی وزەدا(بولارد، 1956: 168)، ناوچەی جیاوگەکەش بۆ (100000) مایلی چوارگۆشە کەمکرایەوە و ماوەکەشی بۆ (33) ساڵ و هەتا ساڵی 1993 درێژکرایەوە(سەردەشتیی و مەلا تەها،

2009: 153-154)، هەروەها جەختکرابووەوە، هەر دەستکارییەکیش بە ڕەزامەندی هەر دوولا دەبێت(بولارد، 1956: 168).

سیاسەتی هێزی سێیەم بۆ ڕەزا شا، ئەمریکا بوو، لە پێناو ڕێگریی لە نفوزی بریتانیا و یەکێتی سۆڤییێت، بەڵام لە ئەمریکا بێ ئومێد بوو و دواتر پەنای بردە بەر ئەڵمانیا(Saidabadi, 1998: 33)، لە کاتێکدا نفوزی ئەڵمانیا لە ڕووی ئابوورییەوە لە ئێران ڕوو لە هەڵکشان بوو(بولارد، 1956: 169)، بە ئامانجی سنوردانان و هاوسەنگکردنی نفوزی بریتانیا و یەکێتی سۆڤییێت لە ئێران(Saidabadi, 1998: 34). لێرە بەدواوە بریتانیا بۆی ڕوون بووەوە، ڕەزاشا ئیدی خزمەتی بەرژەوەندییەکانی ناکات، بەتایبەت دوای هەڵوەشاندنەوەی جیاوگی بانکی شاهنشاهی(Forouzan, 2018: 615)، ئەڵمانەکان لە ژێر پەردەی بازرگانیدا چالاکیی سیاسی و سیخوڕییان ئەنجام دەدا (O'sullivan, 2012: 35)، بە جۆرێك لە 1937 بریتانیا زەنگی ئەم مەترسییەی ئەڵمانەکانی لە ئێران لێدا، کە دژی بەرژەوەندییەکانیانە(Hann, 2013: 51)، بە تایبەت دوای ئەوەی لە ئەیلولی 1938 ڕاپۆرتەکانی بریتانیا ئاماژەیان بە ڕاهێنانی چەند ئەڵمانییەك کرد، بەمەبەستی چەسپاندنی هەژموونیان لە ئێران و هاندانی پشێویی و نائارامیی لە هیندستانیش(O'sullivan, 2012: 36)، کە ئەمانە بۆ بریتانیا هێڵی سوور و مەترسیدار بوون، بە تایبەت لە بواری کێڵگە و بۆرییە نەوتییەکانی باشووری ئێران(Playfair, 1954/1: 14-15).

## تەوەری دووەم
## سیاسەتی بریتانیا بەرانبەر ئێران لە نێوان مەترسیی یەکێتی سۆڤییێت و هەڕەشەی ئەڵمانیا لە سەرەتای جەنگ بۆ ئایاری 1940:

ئێران لە پلانی سەرەکی بریتانیا بۆ بەرگریی لە هیندستان، پێگەیەکی سەرەکی هەبوو لەپاڵ بوونی نەوتێکی زۆردا، هاوکات سەنگەری ستراتیجی بەرگریی بوو لە نفوزی بریتانیا لە ناوچەکە، بەتایبەتی لە هیندستان، هەربۆیە دامەزراندنی هەر بنکەیەکی سەربازیی لەکەنداو، لە لایەن بریتانیاوە بەڕاگەیاندنی جەنگ دادەنرا( الهی، 1365: 46)، چونکە ئێران وەك پردێك لە نێوان ئاسیای ناوەڕاست و هیندستان ڕۆڵێکی سەرەکی لە دروستکردنی پشتێنەیەکی بەرگریی گرنگ لە بلوچستانەوە لە باشووری ڕۆژئاوا هەتا کەنداو هەبوو، کە بەشێك بوو لە زەریای هیندی، لە ئاستی نێودەوڵەتیدا کەنداو وەك گۆڕەپانێکی بازرگانی و سیاسی ناسرابوو. لە ڕوانگەی کاربەدەستانی بریتانیاوە، دەبوو کەنداو بەتەواوی لە ژێر کۆنترۆڵی خۆیاندا بێت، بۆ ئەوەی بەرژەوەندییەکانیان مسۆگەربکەن و هەژموونی خۆیان بەسەر کێڵگە نەوتییەکانی ناوچەکەدا بپارێزن. لەمڕووەوە، بریتانیا بڕیاری بەرپەرچدانەوەی هەر هەوڵێکی وڵاتانی دیکەی دا بۆ فراوانکردنی نفوزی خۆیان یان دامەزراندنی بنکەی سەربازیی لە ناوچەکە. بریتانیا بە سیاسەتێکی گونجاو سەرکەوتوو بوو لە فراوانکردنی هەژموونی خۆی(صدیقی، 1388: 378). هەتا هەڵگیرسانی جەنگی دووەمی جیهانی، ئاوەکانی کەنداو لە ژێر دەسەڵاتی نوێنەرایەتیی سیاسی بریتانیادا بوو، کە سەرپەرشتیکردنی بەرژەوەندییەکانی بریتانیای لە ناوچەکە لە ئەستۆدا بوو( الهی، 1365: 47).

بەر لە جەنگی دووەمی جیهانی بریتانیا هەندێك ڕێوشوێنی ئامادەکاریی دەسپێکردبوو، چونکە وای دەبینی جەنگ حەتمییە. بەو پێیە، دامەزراندنی فەرماندەییەك بۆ کۆنترۆڵکردن و سەرپەرشتیکردنی زۆربەی هێزەکانی سوپای بریتانیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێویست بوو، هەربۆیە لە حوزەیرانی 1939 فەرماندەیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە میسر دامەزرا، جەنەراڵ سێر ئارچیباڵد وەیڤێڵ (General Sir Archibald Wavell) وەك فەرماندەی گشتی ئەو هێزە دیاریکرا، بەم شێوەیە دوو فەرماندەیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەبوو، یەکێکیان بۆ هێزەکانی وشکانی و ئەوی دیکە بۆ هێزی ئاسمانی، کە لەڕووی پانتایی جوگرافییەوە هاوشێوە بوون، بەڵام لە ڕووی سەربازییەوە ئەرك و بەرپرسیارێتییان جیاوازبوو (Playfair, 1954/1: 32). فەرماندەیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بووە ناوەندی پلاندانان بۆ ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی بریتانیا لە ئێران و عێراق، بەم پێیە بەڕێوەبردنی ستراتیجی سەربازیی بریتانیا لە ئێران بوو بە ئاڵنگارییەك بۆ سەرۆك ئەرکانی سوپا، چونکە ئەم ناوچەیە کەوتبووە ناوەندی دوو فەرماندەیی سەربازیی بریتانیا، لە لایەك فەرماندەیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە لایەکی دیکە فەرماندەیی هیندستان، کە ئەرکی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی بریتانیا بوو لە کەنداو(Abdul Razak, 2021: 38). بە مەبەستی پشتگیریکردنی فەرماندەیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بڕیاردرا ستافێکی پلاندانانی هاوبەش و ناوەندێکی هەواڵگریی هاوبەش دابمەزرێت. لێرەوە بوو کە لە 1ی ئابی 1939 ناوەندی هەواڵگریی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دامەزرا و ئەرکی سەرەکی بریتی بوو لە کۆکردنەوە و شیکردنەوەی زانیاریی لە سەرچاوە جیاوازەکانەوە، تایبەت بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە نێویاندا وڵاتانی کەنداو و ئێرانیشی کردبووە ئامانج، هەرچەندە لە سەرەتاوە ناوەندی هەواڵگریی ڕووبەڕووی ئاستەنگی کارکردن بووەوە، چونکە هەریەك لە هێزی دەریایی و هێزی ئاسمانی، ناوەندی هەواڵگریی تایبەت بە خۆیان هەبوو، تەنها فەرماندەیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تازە دامەزراو، ناوەندێکی لەو شێوەیەی نەبوو، هەربۆیە زۆرتر پشتی بەو ناوەندە هەواڵگرییە بەستبوو(Playfair, 1954, Vol. 1: 34)، هەروەها لە ڕێنماییەکی نوسینگەی جەنگی ئەنجومەنی سوپادا، کە ئاڕاستەی فەرماندەیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کراوە، ئاماژە بەوە کراوە، کە فەرماندەییەکە بەرپرسارە لە ئامادەکردنی پلانی جەنگ بە هاوکاریی لەگەڵ فەرماندە سەربازییە ناوخۆییەکان و هێزی ئاسانی، بەمەبەستی جێگیرکردنی هێزی وشکانی بە درێژایی کەناراوەکانی کەنداو، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە پەیوەندی بەهێزیان لەگەڵ نوێنەرایەتی سیاسی لە کەنداو بپارێزن، ئەگەر جەنگ ڕوویدا ڕووبەری فەرماندەییەکەیان درێژدەبێتەوە بۆ ئەوەی هەموو هێزەکانی کەناراوەکانی کەنداو بگرێتەوە، جگە لەو هێزانەی بە شیوەیەکی ئاسایی لە ژێر کۆنترۆڵی هێزی ئاسمانی شاهانەدان(Playfair, 1954/1: 457-459).

فەرمانگەی جەنگ، لە ئابی 1939 فەرماندەیی هیندستانی ڕاسپارد بۆ پلانی ئامادەکردنی هێزێك، کە توانای بەرپەرچدانەوەی خێرای هەبێت، بەتایبەت لە ناوچە و پێگە گرنگ و ستراتیجییەکان، لە نێویاندا ئێران. بۆ ئەم مەبەستە هێزێك بە ناوی کەی سێ (K-3) – ئەم هێزە لە چەند لیوایەکی پیادە پێکهاتبوو ، کە بە پلەی یەکەمی ئەرکی پاراستنی کێڵگە نەوتییەکانی ئێران بوو. (بۆ زانیاریی زیاتر لەو بارەیەوە، بڕوانە/ Pal, 1957:32-33)- بۆ ئەم ئامانجە دیاریکرا، کەلە چەند لیوایەك پێکهاتبوو، یەکێك لە گرنگترین ئامانجەکانی ئەم هێزە، پاراستنی ئاسایشی کێڵگە نەوتییەکانی ئابادان بوو (Pal, 1957:32). ئەمە لە کاتێکدا بوو لە ساڵی 1938دا، لە چوارچێوەی پێداچوونەوە بە سیاسەتی بەرگریی لە هیندستان، پێشنیارکرا بوو هێزەکانی هیندستان بەشداریی لە بەرگریکردن لە ناوچە ستراتیجییە گرنگەکانی دەرەوەی هیندستان بکەن، لە نێویاندا کەنداو و ئێرانیشی دەگرتەوە(Playfair, 1954/1: 38). لە لایەکی دیکەوە لەگەڵ هەنگاوەکانی دەسپێکی جەنگدا، نزیکبوونەوەی تورکیا و بریتانیا و دانوستانی نێوان بریتانیا و یەکێتی سۆڤییێت، ئاماژەی ئەوەبوون ئێران لە جەنگ نزیکە، بەڵام سیاسەتی ئێران لەسەر بنەمای پاراستنی هاوسەنگی نێوان بریتانیا و یەکێتی سۆڤییێت و پشت بەستن بە هێزی سێیەم، بەتایبەت لە بواری ئابووری بونیاتنرابوو، ئەمەش لە ترسی

هاتنەکایەی هاوپەیمانی (بریتانی–یەکێتی سۆڤیێت) بوو، کە ئابووری ئێرانی وێران دەکرد(زرگر، 1372: 399). ئەوکاتە ناوچەکە بە تۆڕێکی ئاڵۆزی بەرژەوەندییە ستراتیجییەکانی بریتانیا بەسترابۆوە، کە تێیدا عێراق و ئوردن ڕێڕەوێکی وشکانیان لە نێوان ئێران و میسردا بۆ گواستنەوەی نەوتی ئێران دابینکردبوو(Hann, 2013: 15)، هەروەها دورگەکانی بەحرەین کە هاوکات بنکەیەکی سەرەکی بوون بۆ چاودێریکردنی کێڵگە نەوتییەکانی کۆمپانیای نەوتی بریتانی- ئێران ( Anglo-Iranian Oil Company)(صديقى، 1388: 378) -کۆمپانیای نەوتی بریتانی-فارسی لە ساڵی 1935ناوەکەی بۆ کۆمپانیای نەوتی بریتانی-ئێرانی گۆڕا، ئەمەش گۆڕینی ناوی وڵاتی فارس بوو بۆ ئێران- (Bamberg, 1994/2: 523). هەر لەم بارەیەوە لە تشرینی یەکەمی 1939 ئیدمۆند ئایرۆنساید(Edmund Ironside)سەرۆك ئەرکانی سوپای بریتانیا ڕاپۆرتێکی لەبارەی پێداچونەوە بە ستراتیجی بریتانیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئامادەکرد. جەختی لەسەر پەرەپێدانی بوونی هێزی وشکانی و ئاسمانی بریتانیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کردەوە. بۆ پارێزگاری لە ناوچەکە، بەتایبەتی ئێران ( Hann, 2013: 15).

لە کانوونی یەکەمی 1939 نیگەرانییەکان سەبارەت بە ئەگەری هێرشی سەربازیی یەکێتی سۆڤیێت بۆ سەر ئێران و عێراق دەرکەوتن، ئەمەش کاتێك فەرماندەیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یاداشتێکی بە ناونیشانی "سیاسەتی سەربازیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست" ئامادەکرد، بۆ ئەوەی ئاڕاستەی حکومەتی بریتانیای بکات. یاداشتەکە سەبارەت بە ئێران پێشبینی کردبوو، کە سوپای یەکێتی سۆڤیێت لە ڕێگەی پێنج یان شەش فیرقەی سەربازییەوە هێرش بکاتە سەر تەبریز، هەروەها لە ڕێگەی دەریای خەزەرەوە هێرشی دەریایی ئەنجامبدرێت یان لە یەك کاتدا هەردوو هێرشی وشکانیی و دەریایی ئاماژەپێکراو. بەمەش کێڵگە نەوتییەکانی ئێران لە مەودای فڕۆکە جەنگییەکانی یەکێتی سۆڤیێتدا دەبن، هەربۆیە پێویستی بە بەرگرییەکی گونجاو و فڕۆکەی جەنگی و دژە فڕۆکە دەبێت، بەو پێیە ئۆپەراسیۆنە ئاسمانییەکانی یەکێتی سۆڤیێت لەگەڵ هەوڵە پڕوپاگەندەییەکانیدا هەستی دژە بریتانیا لە ئێران و عێراق دەوروژێنێت، لەبەر ئەوە ڕێوشوێنی ئەمنیی زیاتر بۆ پاراستنی کێڵگە نەوتییەکانی ئێران و بەندەری بەسرە بە پێویست دادەنرا، بۆ ئەم مەبەستە جێگیرکردنی لانیکەم فیرقەیەکی سەربازیی وەك هەنگاوی سەرەتایی بە پێویست دانرابوو(Pal, 1957: 33) بۆ بەرگریی لەو هەڕەشە پێشبینیکراوە. لەسەرەتای کانوونی یەکەمی 1939 پێداچوونەوەیەکی نوێ بۆ ستراتیجی بریتانیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست داڕێژرا، کە ڕەنگدانەوەی ئەو گۆڕانکارییانە بوون لە ماوەی دوو مانگدا لە هەڵسەنگاندنەوەی ستراتیجی بریتانیا لە ناوچەکەدا ڕوویان دابوو، کە جەختی لەسەر پاراستنی سێ ناوچەی گرنگ کردەوە، کە کێڵگە نەوتییەکانی ئێران پلەی دووەمی پێدرابوو. لەم قۆناغەدا پلانەکە بریتی بوو لە زیادکردنی سەرباز لە هیندستان بۆ بەرگریکردن لە کێڵگە نەوتییەکانی ئێران (Hann, 2013: 16)، کە بۆ سوپای بریتانیا لەبەرەکانی جەنگ گرنگ بوو، هەروەك نەوتی ئێران بەپێی گفتوگۆی کۆبوونەوەیەکی ئەنجومەنی لۆردانی بریتانیا، گرنگ و پێویست بوو بپارێزرێت، چونکە بریتانییەکان ترسیان هەبوو لەوەی تەنیا بڕیارێکی شای ئێران بە کرداریی دەیتوانی جیاوگەکانیان پووچەڵ بکاتەوە، لە کاتێکدا ئێران سەرچاوەیەکی سەرەکی دابینکردنی نەوت بوو بۆ بریتانیا(Fuel Supplies In War Time, 26,July,1939).

بەتایبەت ونستۆن چێرچڵ (Winston Churchill) (1874-1965) ئاماژەی بە زیادبوونی گرنگی نەوت کردووە وەك هۆکارێکی کاریگەر لە توانای هێزی سەربازیی و ئابووریی وڵاتەکەیدا (شیرنگی، 1390: 19). ئەگەرچی تێبینی کراوە لەماوەی جەنگدا، بەرهەمی کێڵگە نەوتییەکانی ئێران دوو هێندەی بەرهەمی هەموو وڵاتانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو، کە بە تێکڕا ساڵانە (10) ملیۆن تۆنە( Hann, 2013: 13). هەربۆیە ئاسایی بوو ململانێی بریتانیا و حکومەتی ئێران لەسەر کۆمپانیا نەوتییەکان و ئیدارەدانیان دروستببێت کە بەشێکی گرنگی ستراتیجی بریتانیا بوو لە ئێران، وەك کۆمپانیای نەوتی بریتانی– ئێرانی (Malek, 2005: 133-134)، کە ململانێ لەسەر سنووری ناوچەی جیاوگیی نوێی کۆمپانیاکە و کرێی بەندەر محشور و بەرهەمهێنان و بەبازاڕخستن بوو( IOR/L/PS/12/3472A, February,10,1940). نیگەرانییەکانی بریتانیا لە نەوتی ئێران لەگەڵ سەرهەڵدانی چالاکییەکانی وڵاتانی بەرەی میحوەر لە ناوچەکە شتێکی ئاسایی بوو، بەتایبەتی دوای ئەوە هەشت کەشتی ئەڵمانیا و ئیتالیا لە سەرەتای جەنگدا پەنایان بۆ بەندەر شاپوری ئێران بردبوو (بەندەرەکە دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای ئێران لە پارێزگای خوزستان، لە کەناری باکووری ڕۆژئاوای کەنداو)، کە بڕێکی زۆر تەقەمەنییان بارکردبوو، ئەمەش نیگەرانیی بریتانییەکانی زیاتر کرد، کە لەوانەیە ئەم کەشتییانە مانۆڕێکی جەنگی ئەنجام بدەن و ڕێڕەوی ئاوی کەنداو دابخەن، ئەمەش ڕێگریی لە کەشتییە بریتانییەکان بکات بگەنە ئابادان. حکومەتی بریتانیا هەوڵیدا حکومەتی ئێران ڕازیبکات کە دەریاوانە ئەڵمانی و ئیتاڵییەکان لە کەشتییەکان دووربخەنەوە یان هەندێك پارچەی هەستیاری بزوێنەری کەشتییەکان دەستبەسەردابگرن، بۆ ئەوەی ڕێگریی لە چالاکییەك بکەن، کە بەرژەوەندییە ستراتیجییەکانی بریتانیا بخاتە مەترسییەوە، بەڵام حکومەتی ئێران ئەو داوایەی ڕەتکردەوە و ئامادەیی خۆی بۆ ڕێگریکردن لەهەر مەترسییەکی لەو شێوەیە دەربڕی(الزاوي، 2010: 118).

ئێران پێش جەنگی دووەمی جیهانی هەوڵیدابوو لە ڕێگەی ستراتیجی دەسەڵاتی سێیەمەوە نفوزی یەکێتی سۆڤیێت و بریتانیای هاوسەنگ کردبوو. بەنموونە، هەتا سەرەتای جەنگ ئەڵمانیا هاوبەشێکی سەرەکی بازرگانی ئێران بوو( Muhl, 1985: 46). ڕەزا شا مەیلی زیاتر بەلای ئەڵمانیادا بوو، بەڵام لە ڕووی سیاسییەوە بۆ لاوازکردنی هەژموونی بریتانیا و لێدان لە بەرژەوەندییەکانی لە ئێران(قبادى، زمستان 1390: 130). ئەڵمانیا، لە 24ی ئاب 1939 بە نهێنی یەکێتی سۆڤیێتی سەرپشك کردبوو لە داگیرکردنی ئێران(Erkan, 2010: 111). بەوپێیەی ئێران لە نفوزی هێزی سەربازیی ئەڵمانیا دووربوو، لەو قۆناغەدا سیاسەتی ئەڵمانیا لەسەر کەمکردنەوەی هەژموونی بریتانیا بوو، لەهەمان کاتدا، لادانی سەرنجی یەکێتی سۆڤیێت بوو لەسەر ئەورووپای ڕۆژهەڵات، لەسەر حسابی فراوانکردنی هەژموونی لە ئێران. کەلەهەمان کاتدا لێدانیش بوو لە بریتانیا و بەرژەوەندییەکانی(شیرنگی، 1390: 49).کاتێك ئێران ئاگاداربووەوە لە پەیماننامەی مۆلۆتۆڤ-ڕیبنترۆب (Molotov–Ribbentrop Pact) – کە ناوی پەیماننامەی دەستدرێژیی نەکردن لە نێوان ئەڵمانیا و یەکێتی سۆڤیێت کە لە 23ی ئاب 1939 لە مۆسکۆ واژۆکرا، کە هیچ لایەکیان دەستدرێژیی نەکەنە سەر یەکتری، (بۆ دەقی پەیماننامەکە، بڕوانە/ Moorhouse, 2014: 305-306)-، ئەم پەیماننامەیە نیگەرانییەکانی ئێرانی زیاتر کرد(شیرنگی، 1390: 49). هەواڵگریی سەربازیی بریتانیا لە ئەیلولی 1939 زانیاریی هەبوو سەبارەت کۆبوونەوەی هێزەکانی یەکێتی سۆڤیێت بە درێژایی سنورەکانی لەگەڵ ئێران(Hann, 2013: 17). ئەم زانیارییانە لە تشرینی یەکەم بۆ بریتانیا ئاماژەی نیگەرانکەر بوون، سەبارەت بە زیادبوونی نائاسایی هێزی یەکێتی سۆڤیێت لە سنوری باکوری ئێران( IOR/L/PS/12/3503, October,28,1939). لەبەرئەوە لە 6ی تشرینی یەکەم، ئیدمۆند ئایرۆنساید، حکومەتی وڵاتەکەی لە ئاکامەکانی ئەم مەترسییە ئاگادارکردەوە لەسەر نفوزی سیاسی و ئابووریی. ئەم پێشهاتانە ئاستی مەترسییەکانی بریتانیایان زیاتر کرد، سەبارەت بە

بەرژەوەندییەکانیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە سنورێکی درێژیان لەگەڵ یەکێتی سۆڤییێتدا هەبوو(Hann, 2013: 17).

حکومەتی ئێران لە 4ی ئەیلولی 1939 بێلایەنی خۆی لە جەنگ ڕاگەیاند(ذوقی، 1368: 28). موزەفەر ئەعلەم، وەزیری دەرەوەی ئێران لە بەیاننامەیەکدا نوێنەری وڵاتانی لە بێلایەنی وڵاتەکەی لە جەنگ ئاگادارکردەوە(آبادیان، تابستان 1390: 30)، کە بە گەرێنتی بۆ پاراستنی ئارامیی و ئاسایشی ئێران لێی دەڕوانرا(زرگر، 1372: 400). ستراتیجی سیاسی کارپێکراوی ئەوکاتی بریتانیا پشتیوانی لەم سیاسەتەی ئێران کرد، چونکە بۆ پاراستنی سەقامگیریی لە ناوچەکەدا یارمەتیدەر بوو، لەکاتێکدا بریتانیا دەسەڵات و توانای پێویستی بۆ پاراستنی ئارامیی و ئاسایش و بەرژەوەندییە ستراتیجییەکانی لەم ناوچەیە نەبوو (زرگر، 1372: 403). لە پاڵ ئەوەشدا، بریتانییەکان لە مەیلی شا بۆ ئەڵمانیا بەگومان بوون، هەربۆیە بە وردیی چاودێریی هەر جموجوڵ و چالاکییەکی ئەڵمانەکانیان لە ئێراندا دەکرد، چونکە کاریگەریی لەسەر بوونی سیاسی بریتانیا لە ئێراندا هەبوو(Abdul Razak, 2021: 47). لە ڕاستیدا پرسی ئەڵمانەکان لە ئێران و نیگەرانی بریتانیا لەوبارەیەوە، هەر لەسەرەتای جەنگەوە دەستپێیکرد، هەربۆیە لە ئەیلولی 1939 وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا لە ڕێگەی باڵیۆزی وڵاتەکەی و بە جەختکردنەوە لەسەر پەیماننامەی نێوان ئەڵمانیا و یەکێتی سۆڤییێت هۆشداریی لە مەترسی بریکارەکانی ئەو دوو وڵاتە لە ئێران دا، کە ڕاستەوخۆ هەڕەشە لە بەرژەوەندییەکانی بریتانیا و ئێران دەکەن(قبادی، زمستان 1390: 136). بەوتەی سێر ڕیدەر بولارد (Sir Reader Bullard) (1885-1976) باڵیۆزی بریتانیا لە ئێران، چەندین ڕاپۆرت ئاماژە بە زیادبوونی ژمارەی شارەزا و بازرگانانی ئەڵمانیا لە ئێران دەکەن، هەروەها زۆرێك لەوانە لە ڕاستیدا ئەفسەری سوپای ئەڵمانیان و ئەرکی ئەوان لە ئێران هیچ پەیوەندییەکی بەو دامەزراوانەوە نییە، کەبە ڕواڵەت کاری تێدادەکەن، بولارد بە پشتن بەستن بەو ڕاپۆرتانە، هۆشداریدا بە ڕەزا شا و حکومەتی ئێران لە بارەی مەترسی ستوونی پێنجەم لە ناوخۆی ئێران(قبادی، زمستان 1390: 134). - ستوونی پێنجەم: زاراوەیەکی نوێیە، کە چەندین چالاکیی و ئامانجی جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت، سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم زاراوەیە دەگەڕێتەوە بۆ جەنگی ناوخۆیی ئیسپانیا، بۆ یەکەم جار لە 16 تشرینی یەکەمی 1936 لە ڕۆژنامەکانی ئەوروپا بەکارهات، (بڕوانە/ Loeffel, 2015: 9-14)- بریتانیا پێی وابوو، هاوڵاتیانی ئەڵمانی لە ئێراندا چالاکن و بە باشی ڕێکخراون و هەڵمەتێکی پڕوپاگەندەی فراوان ئەنجام دەدەن. بەهۆی بێ ئاگایی خەڵکی ئاسایی ئێران لە ڕەوشی جیهان، ئەم پڕوپاگەندانە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر خەڵکی هەبوو(IOR/L/PS/12/3472A, February,10,1940). بۆ نموونە، وەك ئەو هەواڵە چەواشەکارییەی بڵاویان کردەوە، گوایە ڕاپەڕین دژی بریتانیا لە هیندستان ئەنجامدراوە و (100) هەزار سەربازی هیندستان کوژراون و سوپای بریتانیا گەمارۆ دراوە(Hann, 2013: 53). بەنموونە، بەشی فارسی ڕادیۆی بەرلین هەوڵیدەدا خەڵکی ئێران دژی سیاسەتی بریتانیا هانبدات، هەربۆیە بریتانیا فشاری لە حکومەتی ئێران دەکرد بۆ ڕێگریکردن لە پەخشی بەرنامە فارسییەکانی ڕادیۆی بەرلین، ڕیدەر بولارد لەم بارەیەوە دەڵێت: "خەڵکی ئێران بەتەواوی لە ژێر کاریگەریی بەرنامە فارسییەکانی ڕادیۆی بەرلین دان، کە بانگەشەی سەیرو سەمەرە دەکەن"(شیرنگی، 1390: 51). بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی وەها هەوڵێك سیاسەتی حکومەتی بریتانیا ئەوەبوو، داوای لە (BBC) کرد پەخشی دەرەوەی وڵات سێ هێندە زیاد بکات، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕۆڵی سەرەکی و گرنگی هەبوو لە سەرەتای هەوڵەکان بۆ فراوانکردنی پەخشی نێودەوڵەتی (BBC)، کە ڕەنگدانەوەی ئەولەویەتی ستراتیج و سیاسەتی دەرەوەی بریتانیا بوو، بە تایبەت لە ئێران(Sreberny, 2014: 10-11). لە کاتێکدا ژمارەیەك ڕۆژنامە و گۆڤار کە لایەنگری ئەڵمانیایان دەکرد، بڵاودەکرانەوە لەوانە هەفتەنامەی تێکۆشان (نبرد)، گۆڤاری ئێرانی دێرین (ایران باستان)،کە لەلایەن حکومەتەوە پارەی بۆ دابین دەکرا، کۆمەڵێك هەواڵ و بابەتیان بڵاودەکردەوە، کە بەرگرییان لە ئەڵمانیا دەکرد و هیتلەریان وەك سەرکردەیەکی بەهێز وێنا دەکرد. زۆرجار ئەم ڕۆژنامانە بەبێ بەرامبەر دابەشدەکران(Sreberny, 2014: 33).

زیاتر لەوە لە 22ی ئەیلول 1939 ئەڵمانیا ڕێککەوتنێکی لەگەڵ یەکێتی سۆڤییێت واژۆکرد، تایبەت بە ڕێگەپێدان بۆ ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان ئێران و ئەڵمانیا لە ڕێگەی یەکێتی سۆڤییێتەوە. ئەم ڕێککەوتنە لە ناوخۆی ئێران پێشوازی لێکرا، بەڵام بەشێك لە کاربەدەستان گومانیان لە درێژەدان بە وابەستەیی بازرگانی ئێران بە ئەڵمانیاوە هەبوو(پهلوان، 1383: 768). لە ڕاستیدا ئەو بیروڕایە دیدگایەکی ڕاست بوو، بەتایبەت لە کاتێکدا بریتانیا لەگەڵ سەرهەڵدانی جەنگ بڕیاریدابوو هەر کاڵا و کەرەستەیەك لە ڕێگەی ئەڵمانیاوە بۆ ئێران بنێردرێت دەستی بەسەردا بگرێت، هەروەها ئەو کەرەستە و کەلوپەلە جەنگییانەی لە چیکۆسلۆڤاکیا، کڕیبوونی بریتانیا ڕێگریی لێکردن، سەرەڕای نیگەرانی حکومەتی ئێران(Bakhash, 2021: 26-27). ئەم بڕیارەی حکومەتی بریتانیا شۆکێکی توند بوو بۆ حکومەتی ئێران، چونکە پێیان وایە، پاساوی بریتانیا لە ڕێگریکردنی هەناردەی ئەڵمانیا بۆ ئێران بە بیانووی نەگەیشتنی دراوی بیانی بە ئەڵمانیا دروست نییە(IOR/L/PS/12/3503, February,1,1940). بۆ ڕەواندنەوەی نیگەرانییەکانی شا، ڕیدەر بولارد لە 30 کانوونی یەکەمی 1939 چاوی بە شا کەوت و دڵنیایی دا، لە بارەی دابینکردنی پێداویستییەکانی ئێران لە بوارەکانی قەرز و ئامێری یەدەگ و کەرەستەی شەمەندەفەر و فڕۆکە (IOR/L/PS/12/3503, February,1,1940).

سیاسەتی حکومەتی بریتانیا سەبارەت بە هەناردەی ئەڵمانیا بە شێوەیەکی کاریگەر ڕێگریی لە بازرگانی ئێران کردبوو، بەتایبەتی کە ئێران بۆ بەرنامە پیشەسازییەکەی بە ڕادەیەکی زۆر پشتی بە ئەڵمانیا بەستبوو، هەروەك ڕاپۆرتێکی بریتانی، نیگەرانییەکانی ئێرانی بە ئاسایی لەقەڵەم دابوو، چونکە سیاسەتی بریتانیا وایکردبوو، ئێران نەتوانێت بازرگانی لەگەڵ پشتپێبەستراوترین هاوبەشی بازرگانی خۆی بکات، بەتایبەت کە جێگرەوەی گونجاوی بۆ نەخرابووەڕوو، چونکە بریتانیا پێی وابوو، وڵاتەکەی توانای دابینکردنی پێداویستییەکانی ئێرانی هەیە، بەتایبەت لەوکاتەدا دانوستانی هەردوو وڵات بەردەوام بوو بۆ پێدانی قەرز بە ئێران و پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی بێ دواکەوتن، هەروەها ڕاپۆرتەکە پێشبینی کردبوو، ئەوە نیگەرانییەکانی ئێران لە سیاسەتەکانی بریتانیا کەمدەکاتەوە بۆ پچڕاندنی پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ ئەڵمانیا (IOR/L/PS/12/3472A, February,10,1940). لە 18 تشرینی دووەمی 1939 یەکێتی سۆڤییێت ئەڵمانیای ئاگادارکردەوە لە بارەی پلانی زیادکردنی هێزەکانی لە قەفقاز و ئاسیای ناوەڕاست، بەمەش ڕێگەیان بە ئەڵمانیادا ئەم بابەتە بۆ پڕوپاگەندەی خۆیان بەکاربهێنن، بریتانییەکان درکیان بە سەرکەوتنی ئەڵمانیا کرد، لە پڕوپاگەندەکانیاندا بەبەکارهێنانی هەڕەشەی یەکێتی سۆڤییێت(زرگر، 1372: 405). بەتایبەتی لە ئێران و ئەفغانستان، هەربۆیە سیاسەتی نوێی پڕوپاگەندەی بریتانیا لەسەر بنەمای بەهێزکردنی ئیرادەی ئەو گەلانە بوو، بۆ بەرەنگاربوونەوەی پەرەسەندنی نفوزی یەکێتی سۆڤییێت، بەڵام بەشێوەیەک بێت زێدەڕۆیی لە مەترسی یەکێتی سۆڤییێتدا نەکرێت، چونکە دروستکردنی ترس و دڵەڕاوکێ ئاژاوە و خۆبەدەستەوەدانی گەلی ئێرانی لێدەکەوێتەوە(صدیقی، 1388: 378). باڵیۆزی بریتانیا لە تاران لە ڕاپۆرتێکدا ئاماژەی بەوەکرد، یەکێتی سۆڤییێت لە ڕێگەی بریکارەکانییەوە هەڵمەتێکی پڕوپاگەندە بەڕێوەدەبات، وەك ئامرازێك بۆ ئەوەی کاریگەریی لەسەر خەڵکی ئێران دروست بکات

و زەمینەی لەبار بڕەخسێنێت بۆ بەکارهێنانی هێز، هەرکاتێك بۆ بەرژەوەندییە ستراتیجییەکانی گونجاو بێت(IOR/L/PS/12/3472A, February,10,1940). هەربۆیە حکومەتی بریتانیا ڕاسپارد، هەڕەشەی یەکێتی سۆڤییێت لەسەر یەکپارچەیی خاکی ئێران کەمبکاتەوە و لە لای کاربەدەستانی ئەو وڵاتە بە مەترسییەکی بێ بنەمای لەقەڵەم بدات(زرگر، 1372: 405)، بەتایبەت کە یەکێتی سۆڤییێت تاکو ئەوکاتە هەڵاوێردرابوو لە هەڵمەتی پڕوپاگەندەی بریتانیا، بەڵام وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا لە 30ی کانوونی یەکەمی 1939 لە ژێر ڕۆشنایی پێشهاتە نوێیەکان و نزیکی یەکێتی سۆڤییێت لە ئەڵمانیا، بڕیاریدا بە سیاسەتی خۆیدا بچێتەوە، هەموو ئامرازەکان بۆ لێدان لە بەرژەوەندییەکانی یەکێتی سۆڤییێت بگرێتەبەر (الهی، 1365: 50). لە کۆتایی ئەو ساڵەدا بەرپرسان و بریکارانی بریتانیا لە ئێران دانیان بەوەدانا، کە لە نێو ڕای گشتی ئێران مەیل و لایەنگرییەکی بەرچاو بۆ وڵاتانی میحوەر و بەتایبەتی ئەڵمانیا هەیە، ئەمەشیان بۆ ئەوە گەڕاندەوە لە ساڵانی ڕابردوودا سیاسەتی دیپلۆماسی بریتانیا بێ باك بووە لە سنوردارکردنی نفوزی ئەڵمانیا و یەکێتی سۆڤییێت، هەربۆیە پێگە و دەستڕۆیشتوویی بریتانیا لە ئێران بە شیوەیەکی بەرچاو کەمبوەتەوە (Hann, 2013: 45). تەنانەت کونسوڵخانە و دامەزراوەکانی بریتانیا لە پارێزگاکانی ئێران بەشێوەیەکی سیستماتیك بایکۆت کرابوون، بۆ نموونە، لە شاری مەشهەد کە دووەم گەورەترین شاربوو، هیچ هاوڵاتییەکی ئێرانی کە پلەی فەرمی بێت یان نا، سەردانی کونسوڵخانەی بریتانیای نەدەکرد(Hann, 2013: 47). هەروەك لە ڕاپۆرتی کانوونی دووەمی 1940 بریتانییەکان دانیان بە شکستی خۆیان و سەرکەوتنی پڕوپاگەندەی ئەڵمانیادا نابوو(Hann, 2013: 55)، لەگەڵ ئەوەشدا پێناچێت مەترسیی ئەڵمانیا هێندە زۆر بووبێت، بەڵام دیدگای بریتانی کاریگەریی تەنها هەڕەشەیەکی هەستپێکراوی بۆ سەر سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی درکپێکردبوو(Abdul Razak, 2021: 49)، بەتایبەت لە ئێراندا، چونکە پڕوپاگەندەی یەکێتی سۆڤییێتی و ئەڵمانی لە ئێراندا ئاڕاستەی دژی بەرژەوەندییەکانی بریتانیا بوو، هەربۆیە پێویستی بە پێداچوونەوەی سیاسەتە پەیڕەوکراوەکانی بریتانیا هەبوو لە ئێران(الهی، 1365: 49)، و ناوچەکە بە گشتی هەبوو. لە هەنگاوی دەسپێکدا، لە کانوونی دووەمی 1940دا، بریتانیا لە پاڵ کۆکردنەوەی هێزی سەربازیی بۆ پارێزگاریی لە بەرژەوەندییە نەوتییەکانی لە ئێراندا، هاوکات "هەڵمەتی دژە فاشیستی"یان فراوانترکرد(Abdul Razak, 2021: 49). حکومەتی بریتانیا لە 15ی کانوونی دووەمی 1940 سیاسەتی هێزە وشکانییەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پەسەندکرد، ئەوەی پەیوەست بوو بە ئێرانەوە، دەبوو لە هیندستانەوە ئامادەکاریی بۆ بەرگریکردن لە کێڵگە نەوتییەکانی کۆمپانیای نەوتی بریتانی– ئێرانی بکات، هەروەها پێویستە هەر لە هیندستانەوە ئامادەکاریی بۆ هێزێکی سێ فیرقەیی بکرێت کە لە ئێران و عێراق جێگیربکرێن، کە بڕیاردرا بەسرە وەك بەندەری سەرەکی بۆ ئەو هێزە پەرەپێبدرێت(Playfair, 1954, Vol. 1: 62). نەك ئەمە، بگرە داگیرکردنی ئێرانیش ئامرازێك بوو بۆ پاراستنی هەژموونیان، ئەگەر پێویست بوایە. بەتایبەت تێڕوانینی بریتانیا وەها بوو کە پەلاماری هاوبەشی یەکێتی سۆڤییێت و ئەڵمانی لە ڕێگەی ئێرانەوە حەتمییە. هەروەك لە ڕۆژنامەی تێلیگراف لە 2 کانوونی دووەمی 1940، هەواڵی کۆبوونەوەی ستالین و وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا ورووژێنرا، کە ئەگەری دەستبەسەرداگرتنی کێڵگە نەوتییەکانی ئێران لەلایەن یەکێتی سۆڤییێتەوە جەختی لەسەر کرابۆوە(قبادی، زمستان 1390: 131). ئەمە لە کاتێکدا بوو، ئێروین ئێتێل (Erwin Ettel) (1895-1971) کەسی نزیکی هیتلەر لە ئێران لە سەرەتای 1940دا کرایە باڵیۆز و بەهاتنی، باڵیۆزخانەی کردبووە ناوەندێکی ڕێکخراوتری چالاکیی هەواڵگریی وڵاتەکەی، پاشان بریکاری پیشەیی دەزگای ئاسایشی ئەڵمانیا (SD) هاتنە ئێران(O'sullivan, 2012: 38). تەنانەت حکومەتی ئێرانیش هەستی بە مەترسی هاوپەیمانی یەکێتی سۆڤییێتی-ئەڵمانی و پەلاماردانی باکووری ئێران کردبوو(قبادی، زمستان 1390: 130). هەربۆیە سەرەڕای ئەوەی ئێران بێلایەنی ڕاگەیاندبوو، بە وریاییەوە لە بریتانیا نزیکبۆوە(Hann, 2013: 19) و دەستیکرد بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ بەهێزکردنی توانا سەربازییەکانی، وەك ئامادەکارییەك بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو مەترسیانەی لە باکوورەوە سەرچاوەی گرتبوو(صدیقی، 1388: 380). لەمڕووەوە، ڕەزاشا لە کانوونی دووەمی 1940 محەمەد عەلی موقەدەمی باڵیۆزی وڵاتەکەی لە لەندەن ڕاسپارد، پێشنیاری پەیماننامەیەکی بەرگریی بخاتە بەردەم بریتانیا، بەڵام بە نهێنی لەبەر ترسی شا لە کاردانەوەی یەکێتی سۆڤییێت(پهلوان، 1383: 769). جیا لەوە لە 31ی کانوونی دووەم جەنەراڵ ئەحمەد نەخچەوان (1893-1966) وەزیری بەرگریی ئێران داوای کڕینی فڕۆکەی لە پاشکۆی سەربازیی بریتانیا لە تاران کرد، بۆ بەرگرتن لە هەڕەشەی یەکێتی سۆڤییێت(زرگر، 1372: 407). ئەوەشی بۆ بریتانیا خستبووە ڕوو پێویستە گفتوگۆی جدی بکرێت بۆ هەماهەنگی پلانی سەربازیی لەگەڵ بریتانیا دژی یەکێتی سۆڤییێت. بریتانییەکان بەجدیی پێشنیارەکانی وەزیری جەنگیان وەرگرت(الهی، 1365: 60) و پێیان وابوو، ڕەزامەندی ڕەزاشای لە پشتە(زرگر، 1372: 407). بۆ ئەمە، وەزارەتی دەرەوە و فەرمانگەی جەنگی بریتانیا وەڵامی نەرێنییان هەبوو، چونکە ڕەوشی جەنگ و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەو قۆناغەدا ناڕوون بوون، هەروەك جەختیان کردەوە، ناتوانن کەرەستەی جەنگی بۆ ئێران بنێرن و گەر هێرشی یەکێتی سۆڤییێت بۆ سەر ئێران بکرێت (قبادی، زمستان 1390: 130-131). جیا لەوەی وەزارەتی دەرەوە وایدەبینی، لە هەموو حاڵەتێکدا پێویستە ئەو فڕۆکانە لە ژێر دەسەڵات و کۆنترۆڵی هێزی ئاسمانی بریتانیادا بن، نەك لە دەستی هێزی ئاسمانی ئێران(صدیقی، 1388: 380). جگە لەوەش بەهۆی فراوانی بەرەکانی جەنگ، بریتانیا توانای نەبوو بەرەیەکی دیکەی جەنگ بکاتەوە(زرگر، 1372: 408). هەروەك حکومەتی بریتانیا پەیمانێکی لەو جۆرەی بەبێ ئاکام دەزانی، چونکە ڕاپۆرتی نهێنی بریتانییەکان ئاماژەیان بە خراپی دۆخی ئێران و شا دەکرد و جەختییان دەکردەوە، ڕەوشی ئێران بەجۆرێك تێکچووە، تەنها قەیرانێکی بچوك ڕژێمی شا دەڕوخێنێت. بریتانیا لە وەها دۆخێکدا بەباشی دەزانی، هەماهەنگی لەگەڵ یەکێتی سۆڤییێت دا بکات ئەوە باشترە، بەتایبەت کە سنورێکی بەرفراوانی لەگەڵ ئێراندا هەیە. جگەلەوەی بریتانیا ترسی هەبوو، ڕێککەوتنی لەگەڵ ئێران، پاڵ بە یەکێتی سۆڤییێتەوە دەنێت بە پشت بەستن بە (پەیمانی22ی شوباتی 1921) - ئەم پەیماننامەیە لە 22ی شوباتی 1921، لە نێوان ئێران و یەکێتی سۆڤییێت واژۆکرا. پەیمانەکە لە بیست و شەش مادده پێکهاتبوو، ماددەی نۆزدەیەم مافی بە یەکێتی سۆڤییێت دەدا بچێتە خاکی ئێران ئەگەر مەترسی لەسەر وڵاتەکەی دروست بێت. (بڕوانە/ مهدوی، 1355: 353-354; مکی، 1361، جلد 1: 125-128)- هێرشی سەربازیی بکاتە سەر باکووری ئێران(آبادیان، تابستان 1390: 3-4). لە هەمان کاتدا، بریتانیا جەختیکردبۆوە، لە ئەگەری هێرشی یەکێتی سۆڤییێت، پێویستە بریتانیا ئەولەوییەت بە هەندێك خاڵی ستراتیجی لە باشووری ئێران بدات، بەتایبەتی کێڵگە نەوتییەکان. ئیدمۆند ئایرۆنساید جەختیکردەوە، وڵاتەکەی پێویستی بە هاوکاریکردنی ئێران دەبێت لە ئەگەری دەستپێشخەری سوپای سووری سۆڤییێت. بۆ بەرپەرچدانەوە و هێرش بۆ سەر یەکێتی سۆڤییێت، بەنموونە، بۆردومانکردنی کێڵگە نەوتییەکانی باکۆ لە ڕێگەی ئێرانەوە بکرێت(زرگر، 1372: 408). هەروەك بریتانیا دووپاتی کردبۆوە، ئەگەر یەکێتی سۆڤییێت هێرش بکاتە سەر دامەزراوە نەوتییەکان و کێڵگە نەوتییەکانی سەر بە کۆمپانیای نەوتی بریتانی-ئێرانی، ئەوە بریتانیا بۆ پاراستنیان هەنگاوی بێ دواکەوتن و یەکلاکەرەوە دەنێت بۆ بەرگریکردن،

تەنانەت بێ گەڕانەوەش بۆ ئێران(قبادی، زمستان 1390: 130-131). لەسەر ئاستی ناوخۆی بریتانیا، وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە لە 15ی شوبات 1940 لە یاداشتێکدا، مکوڕبوونی خۆی دووپاتکردەوە، پێویستە سیاسەتی بریتانیا لەگەڵ ئێران بەجۆرێك دابڕێژرێت، ڕێگریی لە هەر پێشکەوتنێکی ئابووریی و بەهێزبوونی توانا سەربازییەکانی ئێران بکات، بەو پێیەی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی بریتانیا ناکۆکە و مەترسی ئایندەیی لەسەر هەژموونی سیاسی و باڵادەستی ئابووری بریتانیا لە ناوچەکە و ئێران بە تایبەتی دروست دەکات، بەتایبەت لە کاتێکدا کە هەڕەشەکانی یەکێتی سۆڤییێت کەمدەبنەوە، لەبەر ئەم هۆکارانە بریتانیا پێی وابوو، بۆ هاوپەیمانیەتی لەگەڵ ئێران پەیڕەوی لە سیاسەتی دواخستنی بەردەوام بکات، هەتا پێشهاتە سیاسی و سەربازییەکانی گۆڕەپانی جەنگ ڕوونتربنەوە(صدیقی، 1388: 381).

لەم بارەیەوە لە بری ڕێککەوتن، بریتانیا بڕیاریدا لە بواری ئابووریدا هاوکاریی ئێران بکات و لەهەمان کاتدا وەك میکانیزمێکیش بۆ بەرپەرچدانەوەی هەوڵی ئەڵمانیا بۆ باڵادەستبوونی بەسەر ئابووری ئێراندا بەکاریبهێنێت. لەم ڕووەوە لە 16ی شوبات 1940 ڕێکەوتنی ئێرانی بریتانی تایبەت بە پێدانی پێنج ملیۆن لیرە وەك قەرز بە حکومەتی ئێران واژۆکرا. بەمەبەستی کڕینی کەرەستەی پێویست بۆ بەرگریی و گەشەپێدانی ئێران(زرگر، 1372: 411). ئێران لە سەرەتادا پلانی ئەوەبوو، ئەو قەرزە بۆ کڕینی چەك و فڕۆکە بەکاربهێنێت، بەڵام بەهۆی دۆخی جەنگەوە بریتانیا نەیدەتوانی ئەو داخوازییانە دابین بکات، ئەمە جگە لەوەی ڕیدەر بولارد لای وڵاتەکەی داکۆکی لە بەرژەوەندی ئێران دەکرد، بەنموونە مۆڵەتدان بە گواستنەوەی کاڵاکانی ئێران لە تریێستەوە (Trieste) -کە شارێکی ئیتالیایە لەسەر دەریا- بۆ ئێران. بەوپێیەی بولارد پێی وابوو، هەر ڕێگەپێدانێك بۆ بەرژەوەندی ئێران، پێگەی بریتانیا لەو وڵاتە بەهێزتر دەکات(Bakhash, 2021: 27)، بەڵام لەندەن سووربوو لەسەر ئەوەی هۆشداریی بداتە حکومەتی تاران لە بارەی دابینکردنی فڕۆکە و کەرەستەی هێڵی ئاسن (IOR/L/PS/12/3472A, , May,7,1941). هەروەك لۆرد هالیفاکس ( Lord Halifax) (1938-1940) وەزیری دەرەوە باڵیۆزی وڵاتەکەی لە تاران ئاگادارکردبوویەوە ئەو قەرزە جگە لە بواری سەربازیی بۆ کڕینی کەرەستەی ناسەربازیی وەك چیمەنتۆ و لۆکۆمۆتیڤ (مەکینەی شەمەندەفەر) بەکارنەهێنرێت، باڵیۆزخانەی بریتانیا لە تاران ئەمەی بە پێچەوانەی بەرژەوەندی وڵاتەکەی دەزانی(Bakhash, 2021: 27).

لە سەرەتای ئاداری 1940، فەرمانگەی جەنگ، فەرماندەیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ڕاسپارد بۆ داڕشتنی پلانێك بەمەبەستی ئامادەکردن و جێگیرکردنی هێزێك کە لە سێ فیرقەی پیادە پێکبهێنرێت بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان لە ئێران و عێراق(Pal, 1957: 34). لە ناوەڕاستی ئاداردا ستراتیجی سیاسی و ئابووریی بریتانیا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە شێوەیەکی گشتی و ئێران بەتایبەتی، لە میانەی کۆبوونەوەی نێوان ئەفسەرانی فەرماندەیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و فەرماندەیی هیندستان فۆڕمێکی ڕێکخراوتری بە خۆیەوە بینی(Hann, 2013: 20)، کۆبوونەوەکە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگە لۆجستییەکانی بەردەم ئۆپەراسیۆنی جێگیرکردنی هێزە سەربازییەکان بوو، هەروەها لە بارەی دەستنیشانکردنی هێزەکانی فەرماندەیی هیندستان و فەرماندەیی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بۆ ئۆپەراسیۆنەکانی ئێران و عێراق بڕیاردرا. بەجۆرێك ڕێکەوتن لە بارەی پێکهاتەی هێزێکی سەربازیی کرا کە بە هێرینگ (Herring) ناسرا، ئەم هێزە لە فیرقەیەکی پیادەی ئیمپراتۆریی و دوو فیرقەی پیادەی هیندستان پێکدەهات، بۆ جیاکردنەوەی پێکهاتە جیاوازەکانی هێرینگ، کۆدی تایبەت بۆ هەریەك لە پێکهاتەکان دانرا. کۆدی فیرقەی هیندستان بە ترۆت (Trout) دەستنیشانکرابوو(Pal, 1957: 34).

لە کۆبوونەوەکەدا ئاماژە بە جێبەجێکردنی پلانی هێرینگ (Herring Plan) کرا، کە بریتی بوو لە زیادکردنی ژمارەی سەربازانی بریتانیا لە ناوچەکەدا، بەپێی پلانەکە سێ فیرقەی سەربازیی لە ئێران و عێراق جێگیر بکرێن، بە ئامانجی ڕێگریکردن لە هێرشی نەیاران کە لەم قۆناغەدا بە پلەی یەکەم مەبەست لە یەکێتی سۆڤییێت بوو. قۆناغی سەرەتایی جێبەجێکردنی پلانەکە بە ئۆپەراسیۆنی ترۆت (Trout) ناونرا. مەبەست لەم ئۆپەراسیۆنە ناردنی یەك فیرقەی سەربازیی هیندی بوو، بۆ دەستبەسەرداگرتنی پێگە سەرەکییەکان کە دیارترینیان دامەزراوە نەوتییەکانی ئابادان بوون. هەتا 10 ی نیسانی 1940 ڕەشنووسی سەرەتایی ئۆپەراسیۆنی ترۆت ئامادەکرا، جەختی لەسەر گرنگی ستراتیجی دەستبەسەرداگرتنی کێڵگە نەوتییەکانی ئابادان دەکردەوە. جەنەڕاڵ وەیڤێڵ فەرماندەی گشتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پشتگیریی لە پلانی هێرینگ کرد و لە مانگی ئایاردا باسی لە گرنگی ستراتیجی نەوت و هێزی دەریایی و کەشتیوانی و هێزی ئاسمانی کرد لە بەڕێوەبردنی جەنگەکەدا، لەو بارەیەوە دەڵێت: "نەوت، هێزی ئاسمانی، هێزی دەریایی و کەشتیوانی کلیلی ئەم جەنگەن و وابەستەی یەکترن"(Hann, 2013: 20). شایەنی باسە لە ڕەشنووسی سەرەتایی ئۆپەراسیۆنی ترۆتدا پشتگیریی هێزی ئاسمانی و دەریایی بۆ هەنگاوی یەکەمی جێبەجێکردنی ئۆپەراسیۆنەکە لەبەرچاوگیرابوو(Pal, 1957: 37-38). لە 13ی ئایاری 1940 مارشال سێر ئارسەر لۆنگمۆر (Marshal Sir Arthur Longmore) پۆستی فەرماندەیی هێزی ئاسمانی شاهانەی لە دەریای ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەرگرت، هەموو یەکەکانی هێزی ئاسمانی شاهانە لە ناوچەکە و کەنداو کە جێگیربوون و کاریان دەکرد، کەوتنە ژێر فەرمانی ناوبراو، بەمەبەستی پاراستنی پێگە و ناوچە ستراتیجییەکان بە هاوکاریی لەگەڵ فەرماندەیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و فەرماندەیی هیندستان ئەرکی ئامادەکردنی پلانی جێگیرکردنی یەکەکانی هێزی ئاسمانییان پێسپێردرابوو( Playfair, 1954, Vol. 1: 94).

## تەوەری سێیەم

## گۆڕانی ستراتیجی سیاسی- دیپلۆماسی بریتانیا لە ئێراندا ئایاری 1940- کانوونی یەکەمی 1940

بریتانیا وەك زلهێزێکی کۆلۆنیالیست، بۆ ئەوەی داگیرگەکانی لە هیندستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بپارێزێت، ڕێگریی لە دروستبوونی حکومەتێکی تەواو سەربەخۆ و پێشکەوتوو لە ئێران دەکرد، بەو پێیەی ئێرانێکی بەهێز لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە دەتوانێت ببێتە ناوەندێك بۆ خەباتی ڕزگاریخوازانە دژی دەسەڵاتی بریتانیا لە ئێران و هیندستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی، هەربۆیە ئەو وڵاتە هەموو توانای خۆی بەکارهێنا بۆ شکستهێنان بە پێشکەوتنە پیشەسازیی و ئابوورییەکانی ئێران. ئەم سیاسەتەی بریتانیا بووە یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی وروژاندنی ڕق و توڕەیی کۆمەڵە و ڕێکخراوە پێشکەوتنخوازەکانی ئێران لە دژی بریتانیا. ئەمە جگە لەوەی دەستبەسەرداگرتنی سەرچاوە و کێڵگە نەوتییەکانی ئێران، هۆکارێکی دیکە بوو، کە هەستی دژە بریتانیایی گەلی ئێرانی بەهێزتر کرد(صدیقی، 1388: 379).

لەم کاتەدا پێشنیار هەبوو لە وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا کە هەندێك سیخوڕی بریتانی بنێردرێن بۆ ئێران، بۆ ئەوەی دزەبکەنە ناو پێگە گرنگە ئابووری و سیاسییەکان و لەو ڕێگەیەوە بتوانن بەرژەوەندییەکانی بریتانیا بپارێزن. لە وەڵامی ئەم پێشنیارەدا لە

27ی ئایاردا کاربەدەستانی حکومەتی بریتانیا گومانیان لە پراکتیکی بوونی پێشنیارەکە هەبوو، بە وتەی ئەو کاربەدەستانە سیخوڕەکانی بریتانیا بە ژمارەیەکی پێویست لە ئێراندا کاردەکەن، هەرچەندە بەرژەوەندییەکانی بریتانیایان لەبەرامبەر کۆمەڵە و ڕێکخراوە پێشکەوتنخوازەکان پاراستووە، بەڵام نەیانتوانیبوو پشتیوانی جەماوەریی بۆ بریتانیا بەدەستبهێنن، بە وتەی کاربەدەستانی حکومەتی بریتانیا، کێشەی ئێران و پارێزگاریی لە هەژموونی وڵاتەکەیان لە ئێران پێویست بوو بە ڕێگەی دیکە چارەسەر بکرێت، نەك تەنها لە ڕێگەی کۆمەڵێك سیخوڕەوە(الهی، 1365: 53).

ڕیدەر بولارد لە 21ی ئایار 1940 لە تێلیگرامێکدا نیگەرانی خۆی لە بارەی فراوانبوونی چالاکی بریکارە ئەڵمانەکان گەیاندە هەموو کونسوڵەکانی بریتانیا لە شارەکانی ئێران، چونکە ئاماژەکان بۆ ئەوە بوون، مەترسی ئەڵمانەکان لە پڕوپاگەندەوە بۆ هەڕەشەی ئەمنی کرداریی گۆڕابوو. هەروەك گریمانەی هەوڵی کودەتایەکی کرد بوو، هەروەك هۆشداریدا بوو، کە هەوڵێکی لەو شێوەیە مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی بریتانیا دەبێت. ڕێنمایی بە کونسوڵەکانیش درا کە بەشێوەیەکی بەرچاو ئەم مەترسییە لەبەرچاوبگرن، ڕاپۆرت لە بارەی ژمارە و ڕێکخستنی ئەڵمانەکان بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان لە حکومەتی بریتانی بەرزبکەنەوە(Hann, 2013: 56). لە ڕاستیدا مەترسی ئەڵمانەکانی نیشتەجێی ئێران بەهۆی ژمارەیانەوە نەبوو، بەڵکو بەهۆی پۆستەکانیان لە پێگە هەستیار و گرنگەکانی وڵاتدا بوو، بەپێی ڕاپۆرتی بریتانییەکان، ئەڵمانەکان بریکاری جۆراوجۆریان لە سەرتاسەری ئێراندا هەبوو، کە لە ئەگەری هێرشی ئەڵمانیا بۆ سەر ناوچەکە، دەیانتوانی وەك ستوونی پێنجەم ڕۆڵبگێڕن(زرگر، 1372: 421). هەربۆیە چاوەڕوان دەکرا بەشێکیان بۆ هاندانی کودەتا بەکاربهێنرێن، ئەگەر ئەڵمانیا دوورخستنەوەی ڕەزا شا بۆ بەرژەوەندییەکانی بە پێویست بزانێت(Hann, 2013: 56-57). شایەنی باسە یەکێك لە بوارەکانی پڕوپاگەندەی ئەڵمانیا، دەسەڵاتی تاکڕەوانەی ڕەزاشا بوو بە پشتیوانی بریتانیا(زرگر، 1372: 422). بریتانیا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم مەترسییە و پاراستنی نفوزی خۆی هەوڵەکانی چڕکردەوە، لە ڕێگەی سیخوڕەکانیانەوە پڕوپاگەندەی ئەوەیان بڵاوکردەوە، ئەڵمانیا و یەکێتی سۆڤییێت پشتیوانی گروپە نهێنییە چەکدارەکان دەکەن، کە هەوڵی ڕووخاندنی ڕژێمی دەسەڵاتداری ئێران دەدەن. بریتانییەکان پێیان وابوو، بەم پڕوپاگەندانە دەتوانن سەرنجی گروپی دەسەڵاتداری ئێران بەلای خۆیاندا ڕابکێشن، لەم هەلومەرجەدا بۆ بریتانیا لەهەموو کاتێك گرنگتر بوو، حکومەتی تاران بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان پاڵپشتییان بێت(صدیقی، 1388: 379).

باڵیۆزخانەی بریتانیا لە تاران لە ڕاپۆرتێکدا ئاماژەی بە هەستی دوژمنایەتی خەڵکی گشتی ئێران بەرانبەر بە بریتانییەکان کرد، کە بەهۆی پڕوپاگەندەی ئەڵمانیا و نارەزایەتی خەڵك لە دەسەڵاتی ڕەزا شا دروست بووە، کە بریتانییەکان بە بەرپرسیاری هەموو کێشەکان دەزانن، چونکە ئەوان ڕەزاشایان بە دەسەڵات گەیاندووە و هەتا ئەوکات بە پشتیوانی ئەوان لە دەسەڵاتدا ماوەتەوە. هۆشداریدابوو، ڕەنگە ئەڵمانییەکان ئەم هەستە بقۆزنەوە بۆ هاندانی جوڵانەوەیەك لە دژی شا و بریتانیا و لەو ڕێگەیەوە بتوانن، حکومەتێکی نوێ لە دژی بەرژەوەندییەکانی بریتانیا دروست بکەن، جەختیکردبۆوە لەسەر پێویستی گرتنەبەری میکانیزمێکی گونجاو بۆ کەمکردنەوەی ئەو هەستی دوژمنایەتییەی خەڵکی ئێران بۆ بریتانیا هەیانبوو (IOR/L/PS/12/3472A, May,7,1941). ڕیدەر بولارد دڵنیایی دابوو لەوەی، ئەگەر دەسەڵاتی ڕەزاشا بڕوخێت، حکومەتی نوێ لە ئێران لە دژی بریتانیا دەبێت. لەم ڕوانگەیەوە جەختی لەوە کردەوە، بریتانیا پێویستە ڕێوشوێنی ئابووری، ئەرێنی بەرانبەر بە حکومەتی ئێران بگرێتەبەر بۆ ئەوەی ڕەزا شا ڕازیی بکات لە چوارچێوەی لایەنگریی بۆ بریتانیا بمێنێتەوە، بەم شێوەیە ڕەوتی ڕووداوەکان لە بەرژەوەندی بریتانیا دەگۆڕێن. هەروەك لە ڕاپۆرتێکی 22ی ئایاری 1940 بەڕێوەبەری بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە وەزارەتی دەرەوە ئاماژەی بەوە کردبوو: "باڵادەستی یەکێتی سۆڤییێت لە باکووری ئێراندا گرفت نییە، بەو مەرجەی بریتانیاش دەست بەسەر ئابادان و کێڵگە نەوتییەکانیدا بگرێت"(وەرگیراوە لە/ الهی، 1365: 54)، دانی بەوەشدا نابوو، بەمەرجی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی بریتانیا، بەلایەوە گرنگ نییە حکومەتی تاران کام دەوڵەتی ڕکابەریی کۆنترۆڵی دەکات(وەرگیراوە لە/ الهی، 1365: 54). ئەمە ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە ستراتیجی سیاسی بریتانیا لە ئێران و ناوچەکەش چاوی لەسەر بەرژەوەندییە ئابوورییەکان و هەژموونی سیاسی ئەو وڵاتە بوو، لەهەمان کاتدا جیاڕایی نێوان باڵیۆزخانە و بڕیاربەدەستانی بریتانیا لە وەزارەتی دەرەوە و وەزارەتەکانی دیکە پیشان دەدات.

بە گۆڕانکاریی لە کابینەی حکومەتی بریتانیادا، سیاسەت و مامەڵەی ئابووریی ئەو وڵاتە لەگەڵ دەرەوەدا، بە کاریگەریی گۆڕانکاریی و پێشهاتەکانی گۆڕەپانی جەنگ گۆڕانکاریی بەسەرداهات(Gamble, 1994: 100-101). ئەمەش دوای ئەوەی نێڤڵ چەمبەرلین (Neville Chamberlain) (1869-1940) بەهۆی شکستە سیاسییەکانی و شکستهێنانی لە پێکهێنانی کابینەی هاوپەیمانی نیشتمانی، لە 10ی ئایاری 1940 پاشای بریتانیا، ونستۆن چێرچڵی ڕاسپارد بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەت (Gilbert, 2000: 641-642). لەو کاتەدا، سەرەڕای ئەو گرژیی و ئاڵۆزییەی لە پەیوەندییەکانی نێوان بریتانیا و ئێراندا هەبوو، لێرە بەدواوە گرژییەکان زیاتر بوون و هەردوولا لە یەکتری زیاتر دڕدۆنگ و بە گومان بوون (Hann, 2013: 46). ئەوکاتیش سیاسەتی بریتانیا ئەوەبوو، هیچ جۆرە چەك و کەلوپەلێکی سەربازیی بۆ ئێران دابین نەکات، ئەم سیاسەتەی بریتانیا وایکرد، داواکارییەکانی ئێران بۆ کڕینی چەك لە ئەمریکا لە لایەن ئەو وڵاتەوە ڕەتبکرێنەوە(Majd, 2001: 312-313). ئەم سیاسەتەی بریتانیا بووە هۆی ئەوەی حکومەتی ئێران لە لە 17ی حوزەیرانی 1940دا، ئەو ڕێکەوتنی قەرزە هەڵبوەشێنێتەوە، کە لە 16ی شوباتی هەمان ساڵ لەگەڵ بریتانیا واژۆی کردبوو، چونکە بریتانیا ئامادەنەبوو پێداویستییەکانی ئێران لە هێڵی شەمەندەفەر و چەك و فڕۆکە دابین بکات(زرگر، 1372: 412). ڕەنگە هۆکاری هەڵوەشاندنەوەی ڕێکەوتنەکە لە لایەن ڕەزاشاوە بۆ فشارخستنە سەر کۆمپانیای نەوتی بریتانی- ئێرانی بووبێت، هەروەها سەرکەوتنەکانی ئەڵمانیا ئەو گومانەی لای شای ئێران دروستکردبوو، واپێدەچێت بریتانیا توانای دابینکردنی پێداویستییەکانی ئێرانی لە ماوەی جەنگدا نابێت(IOR/L/PS/12/3472A, May,7,1941).

لە 11ی حوزەیرانی 1940 لە ڕێنماییەکی وەزارەتی ئاسمانی حکومەتی بریتانیا کە بۆ سێر ئارسەر لۆنگمۆر (Arthur Longmore) (1885-1970)، فەرماندەیی هێزی ئاسمانی شاهانە لە دەریای ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نێردراوە، ئاماژە بەوەکراوە، لە ئەگەری ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی وشکانی لە لایەن فەرماندەیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ناوچەکە و کەناراوەکانی کەنداوی فارس، ئەوان فەرماندەیی هێزی وشکانی لە ئەستۆ دەگرن، بەڵام ئەمە بە هیچ شێوەیەك کاریگەریی لەسەر بەرپرسیارێتی ئەفسەرانی هێزی ئاسمانی شاهانە لە عیراق و عەدەن نابێت، هەروەها پێویستە پەیوەندیی بەهێز لەگەڵ نوێنەرانی حکومەنی بریتانیا لە ناوچەکە و نوێنەرایەتی سیاسی بریتانیا لە کەنداو بپارێزن(Playfair, 1954, Vol. 1: 460-461).

دوای زنجیرەیەك کۆبوونەوەی هاوبەشی هەردوو فەرماندەیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هیندستان لە 21-24ی حوزەیران، لەبارەی "پلانی هێرینگ" و دڵنیابوون لە هەماهەنگی نێوانیان، جەختکرایەوە لەسەر هەنگاونانی بەپەلە و گرنگ بۆ پاراستنی کێڵگە نەوتییەکانی ئێران و عێراق، کە بە گرنگ دادەنرا بۆ مەکینەی جەنگیی بریتانیا و

پارێزگاریی لە ئاسایشی ناوچەکە، لەبەرانبەر هەر پێشکەوتنێکی هێزەکانی میحوەر و یەکێتی سۆڤییەت(Hann, 2013: 20). لە کۆبوونەوەکاندا سەبارەت بە پلانی ئۆپەراسیۆنی ترۆت پێشنیارکرابوو، ئامانجی سەرەکیی پاراستنی کێڵگە نەوتییەکانی ئابادان بێت لە لایەن هێزەکانی بریتانیا و هیندستانەوە. پرسی گرنگ کە دەبوو چارەسەر بکرێت، پاراستنی کێڵگە نەوتییەکانی ئابادان بوو لە ئەگەری لەشکرکێشی یەکێتی سۆڤییەت بۆ سەر ئێران، ئەگەرێك کە لەوکاتەدا نەدەکرا فەرامۆش بکرێت، ئەم نیگەرانییە مانگێك پێشتر لە ڕاپۆرتە سیخوڕییەکانی بریتانیا لە ناوچەی کێڵگە نەوتییەکانەوە ئاماژەی پێکرابوو، ڕاپۆرتەکان دوو لایەنی مەترسیداری دۆخەکەیان خستبووەڕوو، لە لایەك پاراستنی دامەزراوەکانی کۆمپانیای نەوتی بریتانی-ئێران، لە لایەکی دیکە ڕاگرتنی مەترسی هێرشی سەربازیی هێزەکانی یەکێتی سۆڤییەت( Pal, 1957: 41-43). لەو کۆبوونەوە هاوبەشانەدا بڕیاردرا، فەوجێك لە سەربازانی هیندستان بە نهێنی بچنە ناو ئێران و بەهەماهەنگی لەگەڵ کارمەندانی کۆمپانیای نەوتی بریتانی- ئێرانی، خاڵە گرنگ و ستراتیجییەکانی ئابادان کۆنترۆڵ بکەن بۆ پتەوکردنی پارێزگاریی لەم کێڵگە نەوتییانە دوو فەوجی دیکە جێگیرکران، یەکێکیان لە خوسرەو ئاباد (دەکەوێتە نزیك ئابادان) و ئەوی دیکە لە یەکێك لە گوندەکانی ناوچەکە(قبادی، زمستان 1390: 132). بە پێی قسەی ڕیدەر بولارد، پاش ماوەیەکی کەم لە هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنی قەرزەکە، ناکۆکییەکی توند لە نێوان کۆمپانیای نەوتی بریتانی – ئێرانی و حکومەتی ئێران سەریهەڵدا( IOR/L/PS/12/3472A, May,7,1941). بە پێی ڕاپۆرتێکی ئەمریکی لە تەمموزی 1940 ئەو پەیوەندییە گەیشتبوو ئاستێك، ئەگەری پچڕاندنی پەیوەندییەکەیان دەکرا، ئێرانییەکان نارازیی بوون لە کەمیی ئاستی بەرهەمهێنان و پشکیان لە جیاوگی نەوتی کۆمپانیاکە(وەرگیراوە لە/ Majd, 2001: 264). لە ڕاپۆرتێکی دیکەدا ئاماژە بەوەکرابوو کە ڕەنگە شای ئێران بە بڕیارێکی نالۆژیکی جیاوگی نەوت هەڵبوەشێنێتەوە، ئەمەش کارەساتێکی گەورەیە و گورزێکی کاریگەر لە نفوزی بریتانیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەدات(الزاوي، 2010: 121).

لە 16ی تەمموزی 1940 ئەمیر خوسرەویی، وەزیری دارایی ئێران، لە یاداشتێکدا بۆ کۆمپانیاکە هۆشداریدا کە ڕایگەیاند، حکومەتی ئێران هیچ پاساوێك سەبارەت بە دابەزینی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت پەسەند ناکات(شیرنگی، 1390: 53). کۆمپانیاکە پێویستە مافەکانی ئێران بەپێی بەرزترین ئاستی نەوتی بەرهەمهێنراو بدات، قەرەبووی ئەو زیانانەش بکاتەوە، کە بەر حکومەتی ئێران کەوتووە و پشکی ئێران بە ئاڵتون یان دۆلار بدات، بەنرخێکی ئاڵوگۆڕی گونجاو (زرگر، 1372: 414). لەگەڵ گواستنەوەی بڕە پارەی پشکی ئێران لە بریتانیاوە بۆ ئەمریکا(مجد، 1389: 268). لە کۆتایی یاداشتەکەدا ئاماژە بەوەکراوە، ئەگەر کۆمپانیاکە داواکارییەکانی حکومەتی ئێران جێبەجێ نەکات، حکومەت ناچار دەبێت پێداچوونەوە بە جیاوگی نەوتدا بکات(زرگر، 1372: 414). بولارد ئاماژەی بەوەکردووە، وروژاندنی پرسی نەوت لەو کاتەدا هەستیارەدا، ئەو بیروباوەڕە گشتییەی بەهێزتر کردووە، کە دەسەڵاتی بریتانیا لاوازبووە، لە هەمان کاتدا کارێکی وای کردووە، لە ناوخۆی ئێراندا جیاوازییەکی وا لە نێوان حکومەتی بریتانیا و کۆمپانیاکەدا ناکرێت(IOR/L/PS/12/3503, September,4,1940). کۆمپانیای نەوتی بریتانی-ئێرانی بەهۆی بەردەوامی جەنگ زۆرێك لە کڕیارەکانی لەدەستدابوو، بەتایبەت لە بەرەی میحوەر و نزیکەکانیان(شیرنگی، 1390: 53). لەهەمان کاتدا، پەرلەمانی بریتانیا بە توندیی بەسەر کۆمپانیاکەوە چاودێریبوو و داوای گەرێنتی کردبوو، کە ئەو نەوتە نەگات بە دەستی نەیارانیان( Anglo-Iranian Oil Company (Sales Japan), 23,April,1940).

بەهۆی پێداگریی حکومەتی ئێران، بریتانیا ناچاربوو بە شێوەیەکی ئەرێنی وەڵامی داواکارییە ئابوورییەکانی ئێران بداتەوە، چونکە پێشتر بریتانیا بە شێوەیەکی نەرێنی وەڵامی پێشنیاری ئێرانی بۆ بەستنی پەیمانی بەرگریی دابووەوە، ئەمەش لە ترسی ئەوەی کاربەدەستانی ئێران ڕوو لە یەکێتی سۆڤییەت نەکەن، لەسەر پێشنیاری جۆن کادمان (John Cadman) بەڕێوەبەری کۆمپانیای نەوتی بریتانی– ئێرانی، لە 21ی ئابی 1940 ڕێککەوتنێکی نوێ ئەنجامدرا(قبادی، زمستان 1390: 131). بەپێی ڕێککەوتنەکە بڕیادرا بڕی (1550000) لیرە وەك قەرەبووی ساڵەکانی (1938-1939) بە ئێران بدرێت، بۆ ساڵەکانی (1940-1941) چوار ملیۆن لیرە وەك پشکی ساڵانە بدرێت بە ئێران و لە کۆتایی ساڵی 1941 دا بەپێی بارودۆخی ئەو کاتە بڕیار لەبارەی پشکی ئێران بدرێت. ڕازیبوونی بریتانیا بەم ڕێککەوتنە ئاماژەیە بۆ لاوازیی پێگەی بریتانیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و خودی ئێرانیش(زرگر، 1372: 415). بولارد پەسەندکردنی ئەو داوایەی ئێران بە لاوازیی و ملکەچبوون لە قەڵەم دەدات و پێی وابوو، لە سەختترین ساتەکانی جەنگدا بوو، نەدەکرا بریتانیا قەیرانێك بهێنێتە کایەوە، کە کاریگەریی لەسەر دابینکردنی نەوت بۆ بریتانیا دروست بکات(IOR/L/PS/12/3472A, May,7,1941). ئەمەش دەریخست سیاسەتی بریتانیا لەو پرسەدا لە ڕێگەی پارەدانێکی داراییەوە، بەدەستهێنانی کات بوو، بەبێ ئەوەی سازش لەسەر هیچ بەشێکی جیاوگی نەوت بکرێت(IOR/L/PS/12/3503, October,11,1940). لەگەڵ ئەوەی ڕێککەوتن کرا، بەڵام ناکۆکییەکان بە تەواوی کۆتایی نەهاتبوو، چونکە دانوستانەکان دوای ساڵی 1941 دەسپێکردەوە(IOR/L/PS/12/3472A, May,7,1941).

بە کورتی لە ڕوانگەی بریتانیاوە ڕەزا شا سوودی لە دۆخی جەنگ وەرگرتبوو، ئەمەش بووە جێگەی نارەزایەتی بریتانیا، پێدەچێت ئەم بابەتە کاریگەریی لەسەر لابردنی ڕەزاشا هەبووبێت. نەوتی ئێران لەو کاتەدا هێندە گرنگ بوو، نەدەکرا مەترسی لەسەر دروست بکرێت، بریتانیا ترسی لەوە بوو ڕەزاشا جارێکی دیکە جیاوگی نەوت هەڵبوەشێنێتەوە، ئەمەش دەرفەتێکی گونجاو بوو بۆ ئەوەی یەکێتی سۆڤییەت و ئەڵمانیا بیقۆزنەوە(زرگر، 1372: 415). بولارد لە دیداری لەگەڵ ڕەزاشا بە ئاشکرا توڕەیی و بێزاری حکومەتەکەی دەربڕی و وتی: " پێداگریی ئێوە لەسەر وەرگرتن و زیادکردنی پشکی ئێران لە داهاتی نەوت، لە کاتێکدا حکومەتەکەم لە دۆخێکی سەختدایە زۆر نادۆستانە بوو، حکومەتەکەم هەرگیز ئەمە لەبیرناکات". ئەم لێدوانە ئاماژەیە بۆ گرژیی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات لەسەر پرسی نەوت و کاریگەری جەنگ لەسەر ئەو پەیوەندییانە(شیرنگی، 1390: 54-55)، هەروەها ئەم هەنگاوەی ڕەزا شا لە تێڕوانینی بریتانییەکانەوە تاوانێك بوو، کە لێخۆشبوونی ئاسان نەبوو(مجد، 1389: 269).

ئەمە لە کاتێکدا تووندبوونەوەی پڕوپاگەندەی ڕادیۆی بەرلین، گرژیی لە نێوان باڵیۆزخانەی بریتانیا و ئێران، سەرلەنوێ دەستپێکردەوە، کە ئێرانییەکان هیچ کاردانەوە و هەڵوێستیان بەرانبەر ئەو پڕوپاگەندانەی ئەڵمانیا دژی بریتانیا نەبوو (پهلون، 1383: 774-775). ئەمە جێگەی سەرنجی سیاسەتمەداران و بڕیاربەدەستانی حکومەتی بریتانیا بوو. جیا لەوەی بولاردی باڵیۆزی بریتانیا لەئێران، بە وردیی ئاماژەی بە چالاکی سیخوڕە ئەڵمانییەکان کردبوو سەبارەت بە بڵاوکردنەوەی هەستی دژە بریتانی لە ناوچە جیاوازەکانی ئێراندا، تەنانەت لە ڕێگەی بریکارەکانیانەوە کاریان لەسەر فراوانکردنی نارەزایەتییەکان دەکرد. ئەوان زۆرێك لە گرفتەکانی وڵات و کێشە ئابوورییەکان و شکستی ئیداریی ئێرانیان بۆ کاریگەریی خراپی بریتانیا لەسەر شا و وەزیر و کاربەدەستانی دیکەی وڵات دەگەڕاندەوە، هەروەها ئاماژە بەوە دەکەن ڕەزا شا بە

پاڵپشتی بریتانیا دەسەڵاتی وەرگرتووە و لە ماوەی فەرمانڕەوایی شادا، بریتانییەکان ڕۆڵیان هەبووە لە بەهەدەردانی سەروەت و سامانی وڵات، خراپی دۆخی وڵات ڕاستەوخۆ بریتانییەکان لێی بەرپرسن، لە بنەڕەتیشدا بەشێکی بەرچاو لە ئێرانییەکان مەیلی قبوڵکردنی ئەم پڕوپاگەندەیان هەبوو( IOR/L/PS/12/3503, September,4,1940).

باڵیۆزخانەی بریتانیا لە تاران، بەتایبەتی ئان لامبتۆن (Miss Anne Lambton) پاشکۆی (ملحق) ڕۆژنامەوانی باڵیۆزخانەکە، چەندین جار ڕاپۆرتی لە بارەی بەردەوامبوون و زیادبوونی کاریگەریی پڕوپاگەندەی ئەڵمانیا لە نێو خەڵك و کاربەدەستانی ئێراندا بۆ لەندەن بەرزکردبووەوە. لەم ڕاپۆرتانەدا باسیان لە پێویستی گرتنەبەری ڕێوشوێنی نوێ لە پڕوپاگەندەی بریتانیادا کردبوویەوە(تفرشی، 1388: 177). نوێنەرایەتی بریتانیا لە ئێران پێشنیاری کرد باشترین ڕێگا بۆ چارەسەرکردنی ئەو کەموکورتییە دامەزراندنی پەخشی فارسی (BBC)یە لە لەندەن، بەشی ڕۆژهەڵاتی وەزارەتی دەرەوە وەڵامێکی ئەرێنی بۆ ئەم پێشنیارە هەبوو(Sreberny, 2014: 34-35). هەتا مانگی ئابی 1940 بەشی ڕۆژهەڵاتی وەزارەتی دەرەوە ڕاپۆرتێکی بەناونیشانی (پەخشی BBC زمانی فارسی) ئامادەکردبوو، تایبەت بوو بە ڕێوشوێن و ڕێنماییەکانی بۆ سەرەتای کردنەوەی پەخشی فارسی. هەروەها وەزارەتی دەرەوە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، ئەم ڕێنماییانە نهێنییە و تەنها بۆ بەرپرسە بریتانییەکانە، پێشنیاری کرد، کە ڕەزا شا بە هەستیاریی و دیپلۆماسی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، چونکە سەرەڕای ئەوەی شا کەسایەتییەکی خاوەن جەماوەری نییە، بەڵام هێشتا کۆنترۆڵی تەواوەتی وڵاتی بەدەستەوە بوو (Sreberny, 2014: 36). بریتانیا سەرەڕای ئاگاداربوونی لە دەستدانی پێگەی جەماوەریی ڕەزاشا و خراپی دۆخی ناوخۆیی ئێران(IOR/L/PS/12/3472A, May,7,1941)، بەڵام سیاسەتی بریتانیا لەو قۆناغەدا مامەڵەکردن و مانەوەی ڕەزاشای بە گونجاوتر دادەنا هەتا لەسەرکارلابردن و جێگە گرتنەوەی بە دەسەڵاتێکی دیکە، ئەمەش لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان.

لە پاش ئامادەکاریی تایبەت بە کردنەوەی پەخشی فارسی (BBC)، لە 21 ی کانونی یەکەمی 1940 لە یاداشتێکدا وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا، محمد عەلی موقەدەم وەزیری دەرەوە ئێرانی ئاگادار کردەوە لە بارەی کردنەوەی پەخشی (BBC)لە لەندەن، هەفتانە چوار ڕۆژ بۆ ماوەی (15) خولەك. لە 29ی کانونی یەکەم پەخشەکە دەستی بە کارکردن کرد، لەیەکەم پەخشدا ئاماژە بەوەکرا، ئەم هەنگاوە دەبێتە سەرەتای قۆناغێکی نوێ لە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات بە ئاڕاستەی باشترکردنی پەیوەندییەکان(Sreberny, 2014: 37). بەمجۆرە پەخشی فارسی (BBC) دەستپێکرد، کەلە ژێر چاودێری وردی وەزارەتی دەرەوەدا کاریدەکرد، ئەمەش لە چوارچێوەی هەوڵە جۆراوجۆرەکانی بریتانیادا بوو بەمەبەستی دروستکردنی کاریگەریی لەسەر سیاسەت و کۆمەڵگای ئێران(Sreberny, 2014: 45).

## ئەنجام

- بایەخی ئێران لەپاڵ پێگەی جیۆسیاسی و ئابووریی و دۆزینەوەی نەوت، هاوکات ڕێگەی گەیشتن بوو بە هیندستان و پاراستنی کەنداو، هەربۆیە بریتانیا ستراتیج و هێڵە گشتییەکانی سیاسەتی خۆی بەجۆرێك داڕشتبوو، کە بەرگریی لە بوونی خۆی و بەرژەوەندییە زیندووەکانی لە ئێران بکات، ئەمەش بە گونجاندنی لەگەڵ هەلومەرجی ناوخۆیی ئێران و ململانێی زلهێزەکان، لەمڕووەوە لە ساڵی 1907 لەگەڵ ڕووسیا ڕێککەوتن لەسەر دابەشکردنی ئێران بۆ ناوچەی نفوزی بریتانی ڕووسی، قۆناغی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی دەرفەتی بۆ بریتانیا ڕەخساند، بۆ فراوانکردنی هەژموونی تاکلایەنەی بەسەر ئێراندا، هەتا ئەوکاتەی ستراتیجی بریتانیا لەگەڵ تموحەکانی ڕەزاشا پێکیاندا دا، هەروەها دەرکەوتنی ئەڵمانیا و ئەمریکا، کاریگەریی لەسەر سیاسەتی بریتانیا هەبوو لە ئێران پێش جەنگی دووەمی جیهانی.

- لە سەرەتای جەنگی دووەمی جیهانی، ئێران پێگەیەکی گرنگ و ستراتیجی هەبوو، بۆ پاریزگاریی لە بوونی بریتانیا و بەرژەوەندییەکانی، هاوکات مەترسیی ئەڵمانیا و یەکێتی سۆڤییەت لەسەر ئێران هەبوو، هەربۆیە بریتانیا پێشوازی لە بڕیاری بێلایەنی لە جەنگ کرد، کە لەلایەن ئێرانەوە ڕاگەیەندرا، چونکە بۆ پاراستنی سەقامگیری لە ناوچەکە یارمەتیدەربوو، لە کاتێکدا بریتانیا لەو کاتەدا دەسەڵات و توانای پێویستی بۆ پاراستنی ئاسایش و بەرژەوەندییە ستراتیجییەکانی نەبوو.

- فرەیی ناوەندەکانی بڕیاری سیاسی و سەربازیی بریتانیا بە ڕوونی کاریگەریی لەسەر سیاسەتەکانی لە ئێران هەبوو، هەر لە سەرەتاکانی دەستپێکی جەنگ، بریتانیا زنجیرەیەك ڕێوشوێنی سیاسی-دیپلۆماسی-ئامادەکاریی سەربازیی ئەنجامدا بۆ پاریزگاریی لە بوونی کرداریی خۆی لە ئێران و هەژموونی بەسەر کێڵگە نەوتییەکانی لە ئێران و کەنداو. هاوکات ئامادەکاریی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر هەڕەشەیەك لەسەر هێزەکانی و نوێنەرایەتییە سیاسی- ئابوورییەکانی لە ئێران و ناوچەکە.

- لە نیوەی دووەمی ساڵی 1940، مەترسیی ئەڵمانیا و یەکێتی سۆڤییەت لەسەر ئێران زیاتر بوو، هەربۆیە بریتانیا هەوڵەکانی چڕکردەوە بە ئاراستەی ڕێگریی لەو مەترسییانە، ئیدی ستراتیجی بریتانیا دەستی بە گۆڕان کرد بە ئاراستەی ئامادەکاریی بۆ کردەوەی سەربازیی لە ئێران، لە ئەگەری زیادبوونی مەترسییەکان لەسەر بەرژەوەندییەکانی بریتانیا لەو وڵاتەدا. لە نێو ئەو ڕێوشوێنانەدا ناردنی هێز لە هیندستانەوە بۆ ناوچەکە بەگشتی و ئێران بە تایبەتی، سوود وەرگرتن لە سەرۆك هۆز و دەسەڵاتە نیمچە لۆکاڵییەکان بۆ گەرێنتی کردنی بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی لە ئێران، کە سەنگەری سەرەکی بەرگریی بوو لە هیندستان و وڵاتە بە نەوت دەوڵەمەندەکانی کەنداو.

## سەرچاوەکان

**بەڵگەنامەکان:**

IOR/L/PS/12/3472A, No.28, File.67, Confidential.15824. E584/584/34, Sir R.Bullard to Viscount Halifax, February,10,1940.

IOR/L/PS/12/3503, No.28, File.97, Confidential. E7222/216/34, Sir H.Seymour to Viscount Halifax, October,28,1939.

IOR/L/PS/12/3503, No.28, File.97, Confidential. E436/124/34, Mr.Roberts to Viscount Halifax, February,1,1940.

IOR/L/PS/12/3503, No.28, File.97, Confidential. E439/124/34, Sir R.Bullard to Viscount Halifax, February,1,1940.

IOR/L/PS/12/3472A, No.28, File.67, Confidential.15824. E584/584/34, Sir R.Bullard to Viscount Halifax, February,10,1940.

IOR/L/PS/12/3472A, No.28, File.67, Confidential.16037. E2014/42/34, Sir R.Bullard to Mr.Eden, May,7,1941.

IOR/L/PS/12/3503, No.28, File.97, Confidential. E2461/124/34, Sir R.Bullard to Viscount Halifax, September,4,1940.

IOR/L/PS/12/3503, No.28, File.97, Confidential. E2461/124/34, Sir R.Bullard to Viscount Halifax, October,11,1940.


### نامەی زانکۆیی:

### یەکەم: بە زمانی فارسی:


شیرنگی، سید عمادالدین، 1390، جایگاه چرچیل در مناسبات سیاسی ایران و انگلیس 1940-1953میلادی، پایان نامه برای دریافت درجه کارشناسی ارشد، دانشگاه ازاد اسلامی.


### دووەم: بەزمانی ئینگلیزی:


Abdul Razak, Rowena Binti, 2021, British Policy in Iran, 1941–1946: The Role of the Tudeh Party, St Antony's College, Candidate for D.Phil. in Oriental Studies.

Bin-Abood, Saif Mohammad Obaid, 1992, Britain's Withdrawal from the Gulf: With Particular Reference to the Emirates, A Thesis Submitted for the Degree of Doctor of Philosophy at the University of Durham.

Griffiths, James, 2017, British Foreign Policy and Iran A Performance 1872-1979, A Thesis Submitted to the University of Manchester for the Degree of Doctor of Philosophy in the Faculty of Humanities.

- Hann, Keith, 2013, "A Rush and a Push and the Land is Ours": Explaining the August 1941 Invasion of Iran, A Thesis Submitted to the Faculty of Graduate Studies in Partial Fulfilment of the Requirements for the Degree of Masters of Strategic Studies, University of Calgary.

Khandagh, Najleh, 1984, The Political Parties in Iran 1941-1947 With Especial Reference to Firqa-yi Dimukrat in Azerbaijan, PH.D. Thesis Department of Islamic and Middle Eastern Studies Faculty Arts, University of Edinburgh.

Muhl, James Howard, 1985, Iran and the Big Powers 1900-1953, Thesis Presented to the Faculty of the Graduate School of the University of Taxas at Austin in Partial fulfillment of the Requirements for the Degree of Master of Arts, The University of Taxas at Austin.

O'sullivan, Adrian Denis Warren, 2012, German Covert Initiatives and British Intelligence in Persian (Iran) 1939-1945, Submitted in accordance with the requirements for the Degree of Doctor of Literature and Philosophy in the subject of History, University of South Africa.

Roberts, Justin W., 2019-20, From Alliance to Adversaries: The Influence of the 1946 Iranian Crisis on Early US Cold War Strategies, Submitted in Partial Fulfillment of the Requirements for the Degree of Master of Military Studies.

Saidabadi ,Mohammad Reza, 1998, Iranian-British Relations Since 1979, A Thesis Submitted for the Degree of Doctor of Philosophy of The Australian National University.


### کتێب:

### یەکەم: بە زمانی کوردی:


ئەحمەد، ئیبراهیم خلیل و مراد، خلیل عەلی، 2011، ئێران و تورکیا، چاپی دووەم، و.بەهادین جەلال مستەفا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی رۆژهەڵات، هەولێر.

سەردەشتیی، د.یاسین و مەلا تەها، بەرزان، 2009، مێژووی هاوچەرخی ئێران، سلێمانی: چاپخانەی سیما


### دووەم: بەزمانی فارسی:


الهی، دکتر همایون، 1365، اهمیت استراتژیکی ایران در جنگ جهانی دوم، چاپ دوم، مرکز نشر دانشگاهی، تهران.

تفرشی، سید مجید، 1388، دیپلماسی عمومی بریتانیا در ایران مطالعه موردی بخش فارسی سرویس جهانی بی.بی.سی، در ایران و استعمار انگلیس مجموعه سخنرانی هاو مقالات، موسسه مطالعات و پژوهشهای سیاسی، تهران.

زرگر، علی اصغر، 1372، تاریخ روابط سیاسی ایران و انگلیس در دوره رضا شا، ت: کاوه بیات، انتشارات پروین، انتشارات معین، تهران.

ذوقی، دکتر ایرج، 1368، ایران و قدرت های بزرگ در جنگ جهانی دوم، چاپ دوم، شرکت انتشاراتی پاژنگ، تهران.

مجد، دکتر محمد قلی، 1389، رضا شاه و بریتانیا، ت.مصطفی أمیری، مؤسسه مطالعات و پژوهشهای سیاسی، تهران.

مکی، حسین، 1361، تاریخ بیست ساله ایران، جلد.1، چاپ سوم، نشر ناشر، تهران.

مهدوی، عبدالرضا هوشنگ، 1355، تاریخ روابط خارجی ایران، چاپ دوم، مؤسسه انتشارات امیر کبیر، تهران.

پهلوان، کیوان، 1383، رضا شاه از الشتر تا الاشت، انتشارات ارون، تهران.

صدیقی، محبوبه، 1388، بررسی اجمالی نقش انگلستان در غارت منابع ملی ایران به هنگام جنگ جهانی دوم، در ایران و استعمار انگلیس مجموعه سخنرانی هاو مقالات، موسسه مطالعات و پژوهشهای سیاسی، تهران.


### سێیەم: بە زمانی عەرەبی:


البديري، خضير، 2015، التاريخ لايران و تركيا، الطبعة الثانية، مكتبة مؤمن قريش، بيروت.

الزاوي، د.ناظم يونس، 2010، التاريخ السياسي لامتيازات النفط في ايران 1901-1951، دار دجلة ، عمان.

الساداتي، احمد محمود، 1939، رضا شاه بهلوى نهضة ايران الحديثه، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة.

بولارد، سر ريدر، 1956، بريطانيا و الشرق الأوسط، ت.حسن احمد سلمان، مطبعة الرابطة، بغداد.

صابر، د.فرح، 2013، رضا شاه بهلوي التطورات السياسية في ايران 1918-1939، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية.

نجاتي، غلام رضا، 2008، التاريخ الايراني المعاصر، ت.عبدالرحيم الحمراني، مؤسسة دار الكتاب الاسلامي، قم.


### چوارەم: بەزمانی ئینگلیزی:


Bakhash, Shaul, 2021, The Fall of Reza Shah, I.B.Tauris, London.

Brant, Richard W. and Maycock, Willoughby, 1911, British and Foreign State Papers 1906-1907, Vol.C, London, His Majesty's Stationery Office.

Churchill, Rogers Platy, 1939, Anglo-Russian Convention of 1907, The Torch Press, Lowa.

Gamble, Andrew, 1994, Britain in Decline, Fourth edition, The Macmillan Press LTD, London.

Gilbert, Martin, 2000, Churchill A Life, Second edition, Pimlico, London.

Loeffel, Robert, 2015, The Fifth Column in World War II, Palgrave Macmillan, London.

Majd, Mohammad Gholi, 2001, Great Britain and Reza Shah, The University Press of Florida, Florida.

Malek, Mohammad,2005, Oil in Iran between the two world wars: in Anglo- Iranian Relations Since 1800, ed. Vanessa Martin, Routledge, New York.

Moorhouse, Roger, 2014, The Devils' Alliance Hitler's Pact with Stalin 1939-41, The Bodley Head, London.

Pal, Dharm, 1957, Official History of the Indian Armed Forces in the Second World War 1939-45: Campaign in Western Asia, ed. Bisheshwar Prasad, S.N.Guha Ray at Sree Saraswaty Press, Calcutta.

Playfair, I. S. O., et al, 1954, The Mediterranean and Middle east: in History of The Second WorldWar United Kingdom Military Series, Vol. 1, ed. J.R.M.Butler, Her Majesty's Stationery Office, London.

Sreberny, Annabelle and Torfeh, Massoumeh, 2014, Persian Service The BBC and British Interests in Iran, I.B.Tauris, London.

Bamberg, J.H., 1994, The History Of the British Petroleum Company, Vol.2, Cambridge: Cambridge University Press.

## گۆڤار:

### یەکەم: بە زمانی فارسی:

آبادیان، حسین، تابستان 1390، " امریکا و اهمیت نظامی ایران در جنگ جهانی دوم"، فصلنامه تاریخ روابط خارجی، شماره 47، تهران.

رامکی، علی پرورش و اربابی، قاسم، زمستان 1397، "واپژوهی راهبردهای المان و انگلیس در ایران هنگام جنگ جهانی اول 1914-1918"، تاریخنامه خوارزمی، سال ششم، ش. 24، تهران.

سلیمانی، کریم و وحیدی راد، میکائیل، بهار 1389، "مذاکرات نفت ایران و انگلیس و تجدید نظر در قرارداد دارسی در دوره رضا شاه"، تاریخ ایران، ش.5/64، تهران.

قبادی، محمد، زمستان 1390، "ایران و انگلیس از اغاز جنگ جهانی دوم تا اشغال ایران"، فصلنامه مطالعات تاریخی، شماره 35، تهران.

### دووەم: بە زمانی ئینگلیزی:

Behravesh, Maysam, 2012, "The Formative Years of Anglo-Iranian Relations (1907-1953): Colonial Scramble for Iran and Its Political Legacy", Digest of Middle East Studies, Vol 21, No. 2.

Erkan, Süleyman, 2010, " The Invasion Of Iran by the Allies During World II", Codrul Cosminului (University of Suceava), XVI, No. 2.

Forouzan, Younes and Alishahi, Abdolreza, 2018, "Britain and Reza Shah, from the Persian Coup d'état in 1921 to the Occupation of Iran in World War II", Sociology International Journal, Vol 2, Iss 6.

Grobien ,Philip Henning, 2022"The Origins and Intentions of the Anglo-Persian Agreement 1919: A Reassessment", Iran: Journal of British Institute of Persian Studies, Vol.62, Iss.2.

Hershey, Amos S., 1919, "The New Anglo-Persian Agreement", American Journal of International, Vol.13, Iss.4.

Mueller, Chelsi, 2019, "The Persian Gulf 1919–39: Changes, Challenges, and Transitions", Journal of Arabian Studies, Vol.8, Iss.2.

Zirinsky, Michael, 1992, "Imperial Power and Dictatorship: Britain and the Rise of Reza Shah, 1921-1926", International Journal of Middle East Studies, Vol 24, Iss 4.

## ماڵپەڕی ئەلکترۆنی:

Fuel Supplies In War Time 26,July,1939, 20,1,2025, Hansard.Parliament.UK, https://hansard.parliament.uk/Lords/1939-07-26/debates/c3f35390-03a1-4210-82d9-ada39e37eb35/FuelSuppliesInWarTime?highlight=iran#contribution-cacdf0b9-fb62-42d4-a5cc-abc67c67385b

Anglo-Iranian Oil Company (Sales Japan) 23,April,1940, 1,2,2025, Hansard.Parliament.UK, https://hansard.parliament.uk/Commons/1940-04-23/debates/0c9d43b0-f54a-4305-886f-07f671e37510/Anglo-IranianOilCompany(SalesJapan)?highlight=iranian#contribution-a81b3f1d-e3e2-42fa-bcc5-12fbbc381f92

Alalaq, Ahmed Shaker, March,16,2025, Iran and Britain in the British Documentary Archive of 1919, https://advance.sagepub.com, November 12, 2024,